# بەشی سێیەم

## خێڵە کوردەکان

**کوردەکانی دەوروبەری ئورفە:** (کیتسکان) و (بەرازیی) ئەو دوو خێڵە گەورەیەن کە لە هەموو خێڵەکانی تر بەرەو خۆرهەڵات زۆرتر کشاون، لەو ناوچە بەرزانەدا دەژین کە کەوتوونەتە ئەو ئەڵقەیەی ڕووباری فورات لە نێوان (بیرەجیک) و (ئورفە) و (تەرابلس)دا ڕەنگی دەڕێژێت، ناوچەیەکی لێژ و پێدەشت و بەپیتە، بەسەر چەم و دەربەندە قووڵەکاندا دەڕوانێت، ژمارەی خێڵی (کیتسکان) لەم چۆڵەدا هەزار و سێ سەد ماڵێک دەبێ، چوار سەد ماڵێکیان لە پێدەشتەکانی دەوروبەری شارۆچکەی (الباب) دان، ئەم شارۆچکەیە بیست و پێنج میلێک لە باکووری خۆرهەڵاتی (حەلەب)ەوە دوورە، ئەم خێڵە دەتوانێت (٥) سەد تفەنگ و فیشەکی زۆر ئامادە بکات، سەبارەت بەهۆی ئازوگوێزەوە (٥) سەد حوشتریان هەیە، چەک و تەقەمەنیش ئەوەندەیان هەیە؛ بۆ ماوەی دوو مانگێک بەرگەی شاڵاو و هێرش بگرن و (مەحموود بەسراوی) سەرۆکیانە، ئەمەش لە یاد نەکەین کە ئەم خێڵە دوو سەد سوارێکیان هەیە دەشتوانن هەزار و سێ سەد جەنگاوەری پیادە پڕچەک بکەن و بەخێرایی بڕۆنە مەیدانی جەنگ، خێڵی (کیتسکان) لەگەڵ دوو خێڵە کوردی (میللی) و (کراگیچلی)دا پەیوەندییان باشە، لەم کاتەشدا ناکۆکیان لەگەڵ خێڵی (بەرازیی)دا نەماوە، لە ساڵی ١٩٠٨دا بوو ئیبراهیم پاشای سەرۆکی خێڵە کوردی گەورەی (میللی) کەوتە بەینەوە و ناکۆکی نەهێشتن.

لە ساڵی ١٩١٦دا دوو کەڵەپیاوی خێڵی (کراگیچلی) دوو کچی شاکر بەگی مامی ئیبراهیم پاشای (میللی)یان هێنا، خێڵی (کراگیچلی) پاشەڵ پیسن و دەستی جەردەییان هەیە، ناوبانگیان بەوە دەرکردووە کە بەردەوام لەگەڵ عارەب و تورکا ناکۆکن و دوژمنایەتییان هەیە، بۆیەکا لە هەموو خێڵەکانی تر ئامادەترن لەگەڵ ئینگلیزدا پەیوەندی دۆستایەتی ببەستن، خێڵی (بەرازیی) حەوت هەزار خێزانێک زیاترن و بەهەشت سەد گوندێکا دابەش بوون، ناوچەکانی نێوان فورات و ئورفەیان کردووە بەمەڵبەند و هەوارگەی خۆیان، ئەو ناوچانە لە باکووردا بە(چامیللیک) و (کاولی ئەفشار) ناودەبرێن و لە باشووریشدا ناویان (سیرڤین) و (خان مەحموود) و (گوڵتەپە)یە، سەرۆکی ئێستای ئەم خێڵە حسێن پاشای کوڕی (نەبی بەگ)ە، گرنگترین پەلەکانی ئەم خێڵە ئەمانەن:





١- عەلادینی: ئەمانە وەک دەڵێن بنەچەیان تورکە و لە زەمانی سوڵتان موورادی چوارەم شاڵاوی بۆ بەغدا هێنا و داگیری کرد، ژمارەی ئەم بەشە نزیکەی هەشت سەد خێزانێکە و سەرخێڵەکەیان موستەفای شاهێن بەگە ئەم سەرۆک خێڵە ماوەیەک لە سیروج و ماوەیەک لە (ماکتالا) دادەنیشت.

٢- بیجانی:[١] ئەم بەشە بەزەقیی لە خێڵی (بەرازیی) سەربەخۆ و جیایە، ژمارەیان نزیکەی هەزار خێزانە و گوندی سەرەکییان (عوسمان مەغربی)یە.

٣- دیناریی:[٢] ئەم بەشە هەزار و هەشت سەد ماڵێک دەبن و زۆربەیان (یەزیدی)ن.

٤- شیختان: ئەم بەشە ئەوەندەی بیجانی دەبێت، لافی ئەوە لێ دەدەن کە لە نەوەی حسەینی کچەزای موحەممەدی پێغەمبەرن، بۆیەکا ئەم بەشە لە لای تێکڕای خێڵی (بەرازیی) ڕێزی زۆرتر و تایبەتیان هەیە.

٥- ئۆخیان[٣] یاخۆ دیهان: سەرۆکی ئەم بەشە (زیز ئۆغلۆ محەمەد عەلی)یە.

٦- شەداد: خەلیل ئاغا سەرۆکی ئەم بەشەیە.

٧- ئاسیان، خالدان، ئومیرات، کورتەکان، زیرولا، بەسەرۆکایەتی (مەلیک زادە موستەفا ئاغا)، ئەم بەشانە ژمارەی تێکڕایان دەگاتە دوو هەزار و پێنج سەد ماڵ و لە دەوروبەری سیروجدا بڵاو بوونەتەوە، ئەم خێڵانە ساماندارن، بەتایبەتی سامانی ئاژەڵ و وڵاخ کە زۆربەیان مەڕ و حوشترن، وەک ڕاپۆرتێکی هاوبەش[٤]

(١) سەرۆکی باڵای ئەم خێڵە (موسلیم بەگی حەمید مستۆ)یە، کە لە (نازل میندار)دا دەژی و دەکەوێتە خۆرئاوای (سیروج)، (حەمۆ عەبدۆ)ی دانیشتووی (ئاسمور Asmor) لە نێوان ڕێگای (بیرەجیک) و ئورفەدا دەژیا، لەسەر جێنشین و گەورەیی... لەگەڵ موسلیم بەگدا ناکۆک بوو، ڕاپۆرتێکی تر وا دەگەیەنێت کە سەرۆکی ئەم خێڵە موستەفای غالب بەگە -نووسەران-

(٢) یاخو دینادی، حامید سلێمان کە لە (قەرەکۆیو)ی ڕێگای (سیروج) و (ئورفە)دا دەژی، ڕاپۆرتێکی تر ئەڵێ کە (سەیفەدین ساڵح بەگ) کە لە (عەلی گیور)دا دەژیی سەرۆکی ئەم خێڵەیە -نووسەران-

(٣) لەم کاتەدا (موستەفا فامیلیح) و (گۆگو هەڵو خەلیل) بەجووتە سەرۆکی باڵای ئەم چوار خێڵەن: ئوفیان، شادادان یاخو شیداد، ئاشیان، زیروان یاخو زیروالا، ئەم دوو خێڵەی دواییان وەک دوو خێڵەکەی تر بەناوبانگ نین -نووسەران-

(٤) دەشێ مەبەست لە (ڕاپۆرتێکی هاوبەش) ئەو ڕاپۆرتە بێت کە چەند کەسێک لە =

دەیگەیەنێت هەزار ئەسپ و ماین لە ناوچەکەدا هەیە، دانەوێڵەی وەک گەنم ئێجگار زۆرە.

وەک دەڵێن هێزی ئەم خێڵانە ٥-٨ هەزار جەنگاوەرن و سێ هەزار تفەنگ و تیپێکی سوارەی دوو تا سێ هەزار کەسیان هەیە و خاوەنی (٢٠٠) حوشترن، بەو هێزانەیان بەلایەنی کەمەوە شەش مانگ بەرگەی هێرش و شاڵاو دەگرن، دڵنیاین لەم بەشانە کە تا ڕادەیەک سەر بەئینگلیزن، یەکێک لە سەرخێڵانی ئەم هۆزە بەوە تاوانبار کرا کە گوایا بۆ بەرژەوەندیی ئینگلیز دواوە و کاری کردووە، ئەو تێچاندنە بووە هۆی ئەوە کە بخرێتە بەندیخانەی ئەستەموڵ، بەڵام قونسوڵی ئینگلیز لە حەلەب بۆی تێکەوت و ئازادی کرد.

خێڵی (بەرازیی)[٥]- هەرچەند بەلایانەوە دوورە - لەگەڵ خواستی سەربەخۆیی کوردستاندان و لە عارەب زۆرتر حەز لە دۆستایەتی تورکان دەکەن، خێڵی (شێخان)یش هەمان هەستیان هەیە، بەڵام خێڵی (ئون) ئەو هەستەیان نییە.

= پیاوانی ئینگلیز و ئەفسەرانی سیاسی و گەڕیدەکانی ئینگلیز بەشدارییان لە نووسین و ڕێکخستنیا کردبێت. -وەرگێڕان-

(٥) قایمقامی (سیروج) لە بارەی خێڵی (بەرازیی) و (کیتسکان)ەوە ڕاپۆرتێکی بەئەفسەری سیاسی ئینگلیز داوە و دەڵێ گوایا سەرۆکی ئەم خێڵە (موستەفای شاهێن بەگ)ە و خێڵەکەش دەبێ بەم شەش بەشەوە:

١- کیتسکان: بەسەرۆکایەتی (شێخ بەسراوی) کە لە مزارەدا دەژی و هەشت میل لە باکووری (عەرەب پۆنار)ەوە دوورە.

٢- (بیجان): بەسەرۆکایەتی غالب بەگ و سێ کوڕەکەی: موستەفا، موسلم، دیمۆ، ئەمانە لە دەوروبەری (سیروج)دا دەژین و لە هاویندا لە (تەپە سیرین) دەبن.

٣- عەلادینی: موستەفا شاهێن سەرۆکیانە و لە زستاندا دەچنە (سیروج) و لە هاوینیشدا ڕەو دەکەن بۆ (تەپە Tepe)، ئەحمەد بەگ لە پاش موستەفا شاهێن کەڵەپیاوی ئەو خێڵەیە.

٤- شێخانی: بەسەرۆکایەتی (شێخ بوزانی کوڕی ناحو) یاخۆ ناحۆی کوڕی بوزان، ئەمیش لە (زیارەت)دا دەژی و خێڵەکەشی لە باشووری ئیستگەی هێڵی ئاسنی (سیروج)دا دەژین.

٥- ئەلعون: بەشێکن لە خێڵی کیتسکان و سەرۆکیان حاجی مستۆیە؛ کە جاران لە (سیروج)دا و ئێستایش لە (سیرین)دا دەژی، ئەم بەشە بەگشتی لە ژێر ڕکێفی (بەسراوی) دان و لەو زەوییە نزمانەدا دەژین کە پاڵیان داوە بە (فورات)ەوە.

٦- ئومیرات: بەشێکە لە (ئەلعون) و (حەسەن ڕەبی) سەرۆکیانە و لە (ماسودیە)دا دەژیی -نووسەران-





دوو خێڵی بچووکی تر هەن ناویان (دینی)یە کە مەحموود ئاغای سلێمان سەرۆکیەتی و لە (بوزتەپە)دا دەژیی، (زیرودات) کە (موستەفا میللیچ) سەرخێڵیانە و لە (گردی خاجیت)دا دەژی، ئەم دوو خێڵەش نیوە ڕەوەندن و لە پاڵی (سیروج)دا دەژین، ئەمانە پیشەی سەرەکیان دێمەکێڵییە (فەلاحەت)، وێڕای ئەو بەشانەش کۆمەڵێک کوردی دەوارنشینی تریش هەن؛ کە ژمارەیان (١٢٠٠) دەوارێک زیاترن، لە زستانیشدا دەوروبەری (سیروج) جێ دێڵن؛ چونکە لافاو دای دەپۆشێ و دەبێتە زۆنگاوی بۆگەن، بەرەو هەواری باشتر ڕەو دەکەن و بەڕووکاری باکووردا زۆر دوور دەکەونەوە، لە جادەی نێوان (سیروج) و (ئورفە)دا دەست دەکەن بەڕێگرتن و جەردەیی، لە کاتێکدا لێشاوی کوردی تر ڕێگای نێوان ئۆرفە و دیاربەکر دەخەنە مەترسی و پڕی دەکەن لە ئاژاوە، ژمارەی ئەوانەی بەبنەچە تورکن و ئامشۆی ئەم مەڵبەندە دەکەن کەمن و نزیکەی هەزار خێزانێک دەبن، دەشتەکانی ئەم ناوچەیە زۆر بەپیتن و بەرهەمە گرنگەکانی گەنم و جۆیە و نیسک، لە ساڵی ١٩١٦دا و بەنیازی تاقیکردنەوە؛ پەتاتەیان چاند و ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە ئێجگار سەرکەوتوو بوو، چەند جۆگا و بیری تریش ساڵانە دەشتی (سیروج) پاراو دەکەن، دار و تەپاڵە سووتەمەنی سەرەکین.

فورات بەمەڵبەندی خێڵی (بیسکی) یاخود (بیزکی)دا دەڕوا و دەکەونە نێوان (جیر جیر) و (ڕۆم قەڵا)وە، ئەم خێڵە لە دەوروبەری (سام سات)دا دەژین، لەبەری باکووری ڕووبارەکەوە؛ هێڵێکی ئەم مەڵبەندە بەم شوێنانەدا تێدەپەڕێت: چیبساڵ، جیمیک، کومیک، گیفوسی، کیریک، قەرەگول، کیورکون، قیربیسی، سلامول، ئیسکی سام سوور، بوی ڕیل، کیالی، هارماتتیل، زیریتریز، لە پاشدا ئەو هێڵە سەرلەنوێ دەگاتەوە ڕووبارەکە، سەرپەڕی سنووری مەڵبەندی (بازیکی)یەکان بەرەو (ڕەنجبار چای) دەکشێ تا دەگاتە جادەی سیڤریک و شۆڕ دەبێتەوە بۆ (میلزریت) و بەم شوێنانەدا تێدەپەڕێت: ئیلهان، شاواش، حاجی قزلی، هامورکیس، چیولمن، کوروزم، کوردیوک، بیریک، کوچ ڤیران، بوزتەپە، قزل بورج، کراساکی، بیازکین، دینیز باش، بوجاکلی، عوسمان، هوبوب، قەرە میرزا، سیلدک، سبساندک، ئەمانە دەگەنەوە بەفورات، ناوچەیەکی کوردنشینی گچکەی تریش هەیە و کەوتۆتە خۆرئاوای (ڕۆم قەڵا)وە.

سنووری باشووری (بیسکی)یەکان ئاوەکانی (میرزیمان چای) و (توهمیللک) و (کیرگلو)یە، سنووری باکووریان بەرەو ژوور دەکشێ تا دەگاتە (میلالیس)، سەرژمێریان گرانە؛ بەڵام بە(٤٥) هەزار کەسێک دەقەبلێن و ژمارەی جەنگاوەریان - چەکدار و پیادە و سوارە - لە شەش هەزار و نیو تێدەپەڕن، تێکڕای ناوچەکە بەتورکی دەدوێن و هەندێکیان عارەبیش دەزانن، زمانی کوردی کەمتر بەکاردێت، ئەم خێڵانە

بەکشتوکاڵەوە خەریکن و بەدەگمەن گوندەکانیان بەجێدێڵن و لە هاویندا دەچنە دەوار، ئەم خێڵانە وەک دراوسێکانی باشووریان دەژین، ڕێکخراوی خێڵایەتییان زۆر لاواز و شڕۆڵەیە، باوەکو ئەم خێڵانە چەند بەشێکن، بەڵام قسەی سەرخێڵەکانیان کاری نەدەکردە سەر قەوارەی خێڵایەتییان، بەگ و ئاغای ئەم خێڵە لە هەموو خێڵەکانی تر زۆرترن، ئاغا و بەگیان دژی گیانی خێڵایەتین هەموو توانایان بۆ لاوازیی و پرشوبڵاوی خێڵ تەرخان کردووە، بنەماڵەی (خەرتاوی) لە کۆنەوە سەرۆکی خێڵن و ئەم بنەماڵە لە هەموویان بەدەسەڵاتترن، دەتوانن هەموو بەشەکانی تری خێڵەکەیان یەک بخەن و بۆ ئیشێکی هاوبەش کۆیان بکەنەوە، بۆ بەدبەختی؛ ئەم بنەماڵەیەش ناکۆکی نێو خۆیان بۆژەی کردوون، بەڵام بەدەگمەن ئەو ناکۆکییانە دەگەیشتنە کوشتار، ئێستا ئەم بنەماڵەیە بەهۆی ناکۆکی نێوان عەبدولرەحمان خەرتاوی سەرۆکی باڵای خێڵ و یوسف عبدالقادری برازای؛ بووە بەدوو بەشەوە، عبدالرحمن خەرتاوی تەمەنی (٥٠) ساڵێک دەبێ و بەگوڕ و چالاکە، ساماندار و بەدەستە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی شەکەت و زەبوونی کرد بوو، لە زستانی ١٩١٨دا ئاوارە کرابوو بۆ (ئەنگورا)، بەڵام توانی هەڵبێ و بگاتە (خەربووت)، کە ئینگلیز حەلەبی داگیر کرد؛ ئەمیش گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی... بەڵام لەپاش چیی؟ هاتەوە سەر هەواری خاڵیی، تورکان ماڵ و سامانیان بەتاڵان بردبوو، تەنانەت خانووەکەشی لە ڕق و کینەی تورکان ڕزگاری نەبوو، ئەویشیان بۆ وێران کرد.

بە هۆی ئەوانەی کە باسمان کردن؛ عەبدولرەحمان زۆر لە تورکان پڕ بوو... بگرە دوژمنێکی ڕق ئەستووریان بوو، دەشێ ئەو ڕق و کینەیە بووبێت بەبنەمای ئەوە کە عەبدولرەحمان لە کاتی لێقەومان و کوشتاری ئەرمەنیدا بوو بەپەنا و لانەی ئەرمەنییان و گەلێکی لە چنگی مردن ئازاد کردن، با وەکو نەخوێندەوارە بەڵام هۆی ڕقی لە تورکان دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە قوتابخانەکانیان لە کار دەخست، بڕوایەکی پتەو و ڕەهای بوو بەسوود و بایەخی ڕەوشنبیریی، ئاواتی ئەوە بوو کە منالەکانی بگەنە پلە و پایەی زانست و سوود لەو سەرچاوە پاک و خاوێنانە وەربگرن، سەرۆکانی ئەم خێڵە زۆر بەسۆز و ڕێزەوە دەیان ڕوانیە سەربەخۆیی کورد، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئاواتە هیچ پلان و پەیڕەوێکی بەکرداریان نەبوو، لە هەمان کاتیشدا بنەماڵەی بەدرخانییەکانیان زۆر لا پەسەند و بەڕێز بوو،[7] بەڕادەیەک مافی ئەوەیان هەبوو ببنە گەورە سەرداری کوردستان، عەبدولرەحمان خەرتاوی لە دیدارێکدا لەگەڵ کاپیتەن (C. W. Wooly)

(٧) عبدالرزاق بەگ کەڵەپیاوی ئەم خێزانەیە و بۆ پاشا و سەرداریی لە هەموویان شیاوترە –نووسەران–





ئەوەی دووپات کردەوە کە مەحموودی سەرۆک خێڵی میللی یارمەتی و پشتیوانی لێ نەکراوە و دەیگوت: سەرۆکانی کورد وەک دانی ئەسپ چون یەکن، ئەگەر هەر خەریکی کۆکردنەوەی پارە و سامان بن لە لای نەوەکانی دوارۆژ ئابڕوویان دەچێ و هیچ نرخ و بایەخێکیان بۆ دانانرێت، ڕای وابوو کە سەرپەرشتی و چاوداشتی هێزێکی بێیانە – ئینگلیز بێت یا ئەمریکا (ئەمریکای پێ باشتر بوو) – بۆ ناوچەکە پێویستە، ئەم ڕایەش بارودۆخی مەسەلەکەی کورد و گۆڕانی ئابووری و سیاسی وڵاتەکە دەیسەپاند، لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو بۆچوونە کە ئەمریکاش پێویستە لە دەوڵەتی دوارۆژدا جێپێی ببێت.

**دوکرلۆ:**[8] خێڵێکی کوردە و لە کەنار ڕووباری (جولا)دا دەژین؛ کە بیست کیلۆمەترێک لە باکووری خۆرهەڵاتی ئورفەوە دوورە، ئەمانە کار و کاسبییان کشتوکاڵە و لە (٤٠) گوندێکدا دەژین و هەشت سەد خێزانێک دەبن، وەک دەڵێن چوار سەد تفەنگیان هەیە و ئامادەشن سەد و پەنجا سوارێک بنێرنە کۆڕی جەنگ، بەکر بەگ کە لە ئورفەدا دەژیی؛ لە هەموویان هەڵکەوتووترە، بەکر بەگ ئەندامێکی کارا و چالاکی حزبی ئیتیحاد و تەرەقییە، عثمانی حاجی عەلۆ ئاغا و سینۆ عبد نازل دوو سەرۆکی تری ئەم خێڵەن.

**خێڵی بادیللی:** ئەم خێڵە لە (٨٠) گوندی باکووری خۆرهەڵاتی ئورفەدا نیشتەجێن. گرنگترین هەوارگە و مەڵبەندیان (قەرە جیورین) و (حەرەم بورجی)ن و لە (سەرچاوە)ش چەند گوندێکیان هەیە، ژمارەی خێزانی ئەم خێڵە دەگاتە چوار سەد خێزان، دوو سەد و پەنجا تفەنگ و هێزێکی گچکەی دوو سەد و پەنجا سوارەیان هەیە، سەعید بەگ سەرخێڵیانە و لە ئورفە دەژی، ئەمیش وەک بەکر بەگ کارا و چالاکانە خزمەتی بەرژەوەندی ئیتیحاد و تەرەقی دەکرد.

ئەو دوو خێڵە دوژمنی سەرسەختی یەکدین، دەتوانین بڵێین کە خێڵی (بادیللی) لە بەرەی لایەنگرانی خێڵی (کراگیچلی)یە و (دوکرلۆ)یش لە بەرەی لایەنگرانی خێڵی (میللی)یە.

لەم کاتەدا – وا دیارە – تێکڕای خێڵەکان ئارەزوویان لەوەیە کە ناکۆکی نێوخۆیان خەفە بکەن و چاوی لێی بپۆشن و بەو نیازە دەسەڵاتی گەندەڵی تورکان بقۆزنەوە و

(٨) دەشێ (بادنیللی) یا (بادیرلی) بێت. –نووسەران–

شاڵاو ببەنە سەر کاروان و گوندنشینەکان تاڵان بکەن، هەڵوێستیان بەرامبەر ئینگلیز ڕوون نییە، بەڵام سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقی بەبیروباوەڕی دژ بەئینگلیز مێشکیان دەئاخنن، پێیان دەڵێن بەئاییننتان دوژمنە و ئەگەر جڵەوی کار بکەوێتە دەست ئەوان؛ کوردان دەخەنە ژێر سزا و ئەشکەنجە. مێژووی سەرەتای ناکۆکی نێوان (بادیللی) و (دوکرلۆ) نەزانراوە، لە ٢٢ی نیساندا پێکادانێکی گچکە لە نێوان هێزەکانی هەردوو خێڵدا قەوما، دەوڵەتی تورکیا بۆ کپکردنەوەی ئاژاوەکان کۆمەڵێک جەندرمەی ناردە ناوچەکە، کەوتنە هەڵپە و پشکنین بەشوێن ڕەگ و بنەمای ئاژاوەکاندا، فەرماندەی کۆمەڵەکە دەیویست کە سەرۆکی هەردوو خێڵەکە لە شوێنێکدا کۆبکاتەوە و تەبایی بخاتە ناویان، بەڵام پڕکێشیی نەدەکرد کە ئەوەی گوناهبارە سزای بدات.

لە ٢٢ی نیساندا خێڵی (کراگیچلی) هاتن بەهانای (بادیللی) و هێزێکی باشیان بۆ ناردن، ڕۆژی دوایی هێرشیان بردە سەر خێڵی (دوکرلۆ) و ناچاریان کردن بەرەو گوندەکانیان بکشێنەوە و بکەونە ژێر چەپۆکی دوژمن، لە پاش دوو ڕۆژ ئەفسەری فەرماندەی کۆمەڵەکە نامەیەکی خێرای بۆ ئورفە نارد و داوای ناردنی پۆلیسی تری کرد، لە ٣٠ی نیساندا کاربەدەستانی تورکیا (٣٠) سیی جەندرمەی سوارەی بۆ ناردن، لە هەمان ڕۆژیشدا پارێزگاری (ئورفە) برووسکەیەکی بۆ نارد و داوای سوارەی تری کرد، فەرماندەی سیڤریک هێزێکی ناردە شوێنی ئاژاوەکە، لە ئێوارەدا ئەفسەری کۆمەڵەکە گەڕایەوە بۆ ئورفە و بەکاربەدەستانی شاری ڕاگەیاند کە خۆی نەخۆشە و ناتوانێت جڵەوی خێڵە سەرکەشەکان توند بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا خێڵی (بادیللی) لە لایەن خێڵی (شێخان)ەوە یارمەتییەکی گەورەی بۆ هات و شارۆچکەی (دیب حەسار)ی داگیر کرد، لە ١ی مایسدا خێڵی بادیلی گردەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری (جولای) داگیرکرد و لە هەمان کاتیشدا خێڵی (دوکرلۆ) لەوبەری ڕووبارەکەوە کۆ و ئامادەبوون، لە ڕۆژی دواییدا پارێزگار لە کەڵەپیاوانی ئورفە (٩) کەسی هەڵبژارد و ڕای سپاردن کە بەنیازی ناوبژی و ئاشتبوونەوەی دوو هۆزەکە بکەونە وتووێژ، لە ڕۆژی دواییدا کۆمەڵی ناوبژیی هاتنە کۆڕ، نزیکەی (٥٠٠) چەکداری دوکرلۆ هاتنە مەیدانی جەنگ، خێڵی (بادیللی)ش چەکدارانی لە (٨٠٠) کەسێک تێدەپەڕین، وەک دەڵێن نزیکەی (٧٠) کەسێک لە پێکادانەکانی نێوان ئەم دوو هۆزەدا کوژراون، کۆمەڵی ناوبژی و جەندرمە لە پاش سێ ڕۆژ گەڕانەوە بۆ ئورفە و بەکاربەدەستانیان ڕاگەیاند کە ئاو کراوە بەئاگردا و ئاشتییەکی یەک مانگیی لە نێوان هەردوو لادا مۆر کراوە،





پێکهاتنی تریش بەم نزیکانە مۆر دەکرێ، بەڵام کۆمەڵی ناوبژیی کێشەیەکی تریان لە دەروونی دوو خێڵی دوژمندا ورووژاند؛ گوایا (ترسی خۆتێهەڵقورتانی ئینگلیز) نزیکە، هەردوو لایش بەردەوام هەڕەشەی تۆڵەسەندنیان لە یەکتر دەکرد، بۆ تازەبوونەوەی شەڕ و پێکادان هەردوو لایان لەسەر پل بوون، بەتایبەتی سەعید بەگی سەرۆک خێڵی (بادیللی) لە موڵک و ماڵی بەتاڵانبراوی چاوی نەپۆشیبوو.

**خێڵی (کراگیچلی)**[٩] **یاخود کرگیچ**: لە خێڵە کوردی میللی ڕەسەنترن، باوەکو ژمارەیان لە میللییەکان کەمترە، بەڵام لەوان ئازا و چەلەنگترن، میللییەکان و خێڵی کراگیچ لە ماوەی (٣٠) سیی ساڵی دواییدا بەردەوام دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون، وەلێ کوشتار و پێکادانی نێوان؛ کەم و زۆر دەگۆڕان، هۆی دوژمنایەتییان ئەوە بوو کە مەحموودی سەرەک خێڵی باڵای میللی هەڵپەی ئەوەی بوو کە هۆزی کراگیچ بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی، ئەو هەڵپە و چاوچنۆکییەی مەحموود پەرچ درایەوە، ئەم دوو خێڵە بەئاژەڵدارییی و کشتوکاڵەوە خەریکن، لە دامێنی باشووری خۆرئاوای (کراجە داخ) و زنجیرە شاخی نێوان گوندی (دیب حەسار) و (کراجە داخ)دا نیشتەجێن، هەوارگە و گوندەکانیان لە باکوورەوە ناگەنە پشت (سیڤریک)، تەنها لایەکی ئەم خێڵە بەکوردانی (میللی) گیراوە، خێڵەکانی (بدیلی) و (دوکرلۆ) کەوتوونەتە باشووری ڕۆژئاوای شاری (ئورفە)وە، خێڵی (جەیشی عارەب)یش کەوتۆتە چیای (تیک تیک) و باشووری (ئورفە)، ئەم خێڵە نیوە ڕەوەندن و پایە نزمن، بەڕادەیەک دڕندە و چەپەڵن

(٩) سەبارەت بەخێڵی (کراگیچ) بۆچوونێکی تریش هەیە کە بنەچەی کوردانی کراگیچ دەچێتەوە سەر بەشێکی ئەو تورکانەی کە لە خۆرئاوای (ئەنازۆڵ)ەوە هاتوون، سوڵتان سەلیم لە دامێنی چیای (کراجە داخ)دا بەزۆر نیشتەجێی کردوون، سوڵتانیش بەو نیازە ئەمەی کردبوو کە گوایا قەرەبووی دوو خێڵی (زیکی) و (تریکان) و چەند خێڵێکی تری کوردی بۆ کوردستان کردۆتەوە؛ کە دەوڵەتی عوسمانی بەزۆرەملێ لە خۆرئاوای (ئەنازۆڵ)دا نیشتەجێی کردبوون، بەم بۆچوونە خێڵی کراگیچ بەهۆی پەیوەندی ژن و ژنخوازیی لەگەڵ ئەو خێڵە کوردانەدا کە بنەچەیان نزمترە و عەشایەر نین - واتا دانیشتووی کۆنی ناوچەکە نین - تواونەتەوە، لەبەر ئەوەی نەخوێندەوارن خێرا زمانی زکماکی خۆیان لە یاد چۆتەوە و بوون بە خێڵە کورد، بگرە دەوڵەتی عوسمانی - بە پێی ئەم بۆچوونە - لە پاش ئەو گواستنەوەیە؛ یارمەتییەکی باشی ئەم خێڵەی لە هەموو ڕوویەکەوە داوە، لە پاش ئەمانە ژمارەیەک خێزانی کوردە ڕەوەندەکانیش چوونە پاڵیان و بەڕادەیەک ژمارەی ئەم خێڵە زۆر بوو؛ کەمینە (أقلية) تورکمانەکە شێواز و ئاسەواری نەما و بوو بەتوخمێکی ڕەسەنی کورد (مارک سایکس) -نووسەران-

وەسف ناکرێن، لە هەموو ڕوویەکەوە ناوبانگی خراپەیان دەنگی داوەتەوە، ئابڕووی نەتەوەکەیان – نەتەوەی کورد – بردووە، ئەم خێڵە لە ڕێگای (بەرازی)یەکاندا نیشتەجێن، لە ڕاپۆرتی گەڕیدەکاندا ناوی خراپەیان تۆمار کراوە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمەیە کە خێڵی (کراگیچ) بەلەهجەی (زازا) دەدوێن، چەند کۆمەڵێکی گەورەی کوردان لە نێوان (تەورئەلعابدین) و (دیاربەکر)دا دەژین، ئەمانە بنەچەی خێڵایەتییان ناسراو نییە، ئەو کوردە ڕەوەندانەی کە لە خێڵەکانی خۆیان دابڕاون؛ زۆریان لافی ئەوە لێ دەدەن کە بنەچەیان دەچێتەوە سەر خێڵی (کراگیچلی).

## پێنج خێڵی گەورە و چەند زانیارییەک

لە خشتەیەکدا

| خێڵ | سەرۆک خێڵ | ژمارەی خێزان | ژمارەی سوارە | ژمارەی تفەنگ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١- بالیکان | ئابو حاجی ڤیلو ئاغا | ٣٠٠ | ١٥٠ | ٢٠٠ |
| ٢- جبرانلی | حسین دەرویش ئاغا | ٥٠٠ | ٢٥٠ | ٤٠٠ |
| ٣- ڕێزان | عەلی حەیدەر ئاغا | ١٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ |
| ٤- شێخان | سەید مەیو | ٥٠٠ | ٢٥٠ | ٤٠٠ |
| ٥- شێخان | ئال شێخۆی شێخ بوب | ٢٠٠ | ١٥٠ | ٢٠٠ |

عەبدولقادر (دیرای) سەرۆکی باڵای خێڵی (کراگیچ)ە، ئەم پیاوە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨دا بەبیانووی ئەوە کە هێرشی بردۆتە سەر خێڵێکی دراوسێی و کاربەدەستانی تورکیاش لە بەندیخانەیان توند کردبوو، لە مانگی مارتی ١٩١٩دا ئازاد کرا، باوەکو موستەفا بەگ و عوبەیدوڵڵای ئامۆزای بەتوانا و کارامەن، وەلێ دەسەڵاتی تایبەتییان بەسەر هیچ خێڵێکدا نییە، کۆمەڵێکی گەورە لە نوێنەرانی هەموو خێڵەکان؛ بەناوی (ئامنان) پاسەوانی عەبدولقادرن، خێڵی (کراگیچ) لە جەنگی (بولڤان)دا (٢٥٠) سواری نارد بەهانای سوپای تورکیاوە، لە ناکۆکیی نێوان خێڵی (بدیلی) و (دوکرلۆ)دا لایەنی (بدیلی) دەگرت، دوکرلۆیش لەگەڵ خێڵی (جەیشی عارەب)دا هاوپەیمانی یەکدین، عەبدولقادر لە دژی ئەو پەیمانە؛ ئارەزووی لەوەیە کە بچێتە (پەیمانی خێڵایەتی میللی)یەوە، بەڵام کەڵەپیاوانی خێڵەکەی بەوە قایل نین و بگرە هەندێکیش لە دژی پیلان دەگێڕن و دەیانەوێت عەبدولقادر لە سەرۆکیی داگرن و موستەفا بەگی ئامۆزای بخەنە جێگای.





لە کاتی خۆیدا (دیرای) باوکی عەبدولقادر دوژمنی سەرسەختی ئیبراهیم پاشای سەرۆکی مردووی میللی بوو، کە (دیرای) لە ساڵی ١٩١٥دا مرد؛ کێشەیەکی نوێ هاتە کایە و عەبدولقادری کوڕی و موستەفا بەگی برازای هەریەکەیان خۆی بەسەرۆک خێڵی کراچیک دەزانیی، باوەکو عەبدولقادر سەرۆکیی باڵای بۆ خۆی دابین کرد، بەڵام دۆستایەتی لەگەڵ میللییەکاندا دەسەڵات و سامی نەهێشت، ڕۆڵەکانی (کراگیچلی) لەوە دڵگران بوون کە میللییەکان دەیان ویست گەورەیان بن، وێڕای ئەو دڵگرانی و زویربوونەیان؛ عەبدولقادر وەک سەرۆکێکی ڕۆحیی و سیاسی کزیی نەهێنا و دەسەڵاتی هەر مایەوە، ساڵانە گەشتی بەناو خێڵە کوردەکانی ویلایەتی مووسڵدا دەکرد و بەسەری دەکردنەوە، ئەو گەشتانەی هەتا چەند ساڵێک خایاندیی و بەشێوازیش مەبەستی ئایینی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا دەی ویست بیروڕا سیاسییەکانی خۆی تەشەنە پێ بدات، لەگەڵ ئینگلیزدا زۆر دوژمن بوو، ئەم دوژمنایەتییە بوو بەهۆی ساردیی و ناکۆکی لەگەڵ (موستەفا بەگ) و عوبەیدوڵڵای ئامۆزایدا.

کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ دیدارێک لەگەڵ (موستەفا بەگ)دا کەوتنە پەیجۆر، بەڵام بۆیان نەڕەخسا، لەم بارەیەوە چەند ڕاپۆرتێکی نوێ گەیشتن و ڕایان دەگەیاند کە عەبدولقادر خۆی کۆدەکاتەوە و جێی پێی پتەوتر دەبێت، موستەفا بەگیش دەکشێتەوە بۆ (سیڤرین)، لە هەمان کاتیشدا ئاژاوەی توندوتیژ کەوتۆتە ناو کوردانی ئەم شارە و گوندەکانی دەوروبەری.

لە گوندەکانی دەوروبەری شاری ئۆرفەدا چەند کۆمەڵێکی گچکەی کورد دەژین، وەلێ بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە بەدرێژیی باسی سەرۆک و هەوارگەی ئەو کۆمەڵانە دەکات:

| خێڵ | سەرۆکی | شوێن و هەوارگەیان |
| --- | --- | --- |
| ١- بۆجاک (بەشێکە لە زازا): | ئامر جۆدی پاشا | باکووری ئۆرفە لە (کویری داخ) تا (جولاب) |
| ٢- دوگالیە: | بەکر بەگی عەلی بەگ | لە نێوان (چوپان بوغاز) و (جەیشی عارەب)دا |
| ٣- سینامیللی(١٠): | | باکووری خۆرهەڵاتی (دوگالیە) |
| ٤- کوران: | مووسا ئاغا | خێڵێکی پرش و بڵاون، لە دەوروبەری گوندی (بەنی ئەیووب)دا دەژین کە (٢٠) میلێک لە باکووری (ڤیران شار)ەوە دوورە. |
| ٥- نەمروودی: | ئیبراهیم خەلیل | لە باشووری ئۆرفە و سەر چیای (نەمروود داخ)دا. |

(١٠) لەوانەیە ئەم خێڵە و کوردانی (میللی) بچنەوە سەر یەک پشت. -نووسەران-

دوو خێڵی تر لە باکووری (سیڤریک)دا دەژین: (کاروار)... مەحموود ئەفەندی سەرۆکی ئەم خێڵەیە، (دومبیللی)... عومەر جودی پاشا سەرۆکییە و لە (سیڤریک)دا دەژی، تێکەڵی و دۆستایەتی ئەم دوو خێڵە گەرمە عومەر جودی پیاوێکی زۆر زیرەک و ڕۆشنبیرە، لە شاردا لە هەموو کەس بەدەسەڵات و هەڵکەوتووترە، خێڵەکەی لە (٥) هەزار خێزان تێدەپەڕێت، لە زەوییەکی پان و بەریندا بڵاو بوونەتەوە، گوند و هەوارگەیان دەکەونە بەشی باکووری ڕێگای نێوان (سیڤریک) و (دیاربەکر)، (کاروار)، (دومبیللی) بەشێکن لە (زازا)، خێڵەکانی (جوبور) و (کیکان) و (خالێجان) لە باکووری (سەرچاوە)دا دەژین بایەخێکی ئەوتۆیان نییە و بەشێکن لە خێڵی (زبلیی)، (جوبور) خێڵێکی ڕەوەندە و (مەسلەت) ناوێک سەرۆکیەتی و بەعارەبی دەدوێن، خێڵی (کیکی) یاخۆ (چیچان) لە دەوروبەری سەرچاوە دەژین و هەوارگەیان بەرەو ماردین دەکشێت و (سلێمان شێخ) سەرۆکیانە، هەندێک لە خێڵەکانی (چیچان) و (خالیجان)[١١] و(جوبور) دوژمنی ئینگلیزن و بڕیاریان داوە ئەگەر هێرش بباتە سەر ناوچەکەیان ڕێگای هاتوچۆی لێ ببڕن، ئەم خێڵانە ئارەزوویان لە دۆستایەتی تورکانە، وەلێ خێڵەکانی (کاروار) و (زازا) خۆیان بەدۆستی ئینگلیز دەزانن، لە کۆتاییدا ئاوڕێکیش لە خێڵی (ئالوش) بدەینەوە کە دووسەد خێزانێک دەبن و لە هەردووبەری ڕووباری (بالیخ)ی نێوان (کانی زاواو) و (راخاد)دا دەژین، ئەو تاقمانەن لە خێڵەکانی خۆیان دابڕاون، یاخۆ پەنایان بۆ دەسەڵاتی سەرۆکێکی کورد هێناوە کە بەعارەبی دەدوێ.

**چەند تێبینییەک:**

١- ئەو ڕاپۆرتانەی کە (مارک سایکس)[١٢] لە بارەی ئەو خێڵانەوە ناردوونی، بەتایبەتی لە بارەی دوو خێڵە کوردی (کیکتان) و (بەرازیی)؛ لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوەدا جیاوازە، (کیکتان) و (بەرازیی) بەبەشێک لە (بیرازنلی)

(١١) لەوانەیە ناوی ئەم خێڵە (خالیجار)یش بێت. -نووسەران-

(١٢) مارک سایکس... نوێنەرێکی ئینگلیزی بەتوانا و شارەزا بووە لە کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دوو جار هاتۆتە ناوچەی کوردستان، یەکەمیان لە ساڵی ١٨٩٥ بووە و، دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٠٥دا کۆمەڵێ ڕاپۆرتی گرنگی نووسیوە لە بارەی بار و زرووفی کوردستان و هۆزەکانی و پیاوە ناودارەکانی و هەروەهاش زۆر شتیشی کۆکردۆتەوە لە بارەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ناوچەکە. - وەرگێڕان -





دادەنێت کە لە ڕۆژگارێکی نەزانراودا هاتوونەتە ناوچەکە و لە دەوروبەری (سیروج)دا نیشتەجێ بوون، ئەم لیستەیەی خوارەوە باسی خێڵی (کیکتان) دەکات و بەبەشێک لە خێڵی (بەرازیی) یا (بەرازیە)ی دادەنێت، بڕوانە لیستەی ژمارە(١).

٢- کوردەکانی (میللی): ئەم خێڵە یەکێکە لەو خێڵە کوردانەی کە لە ناوچەی شاخاویی ناوەڕاستی کوردستانی باکووردا نیشتەجێن، مەڵبەندی ئەم خێڵە دەکەوێتە نێوان شارەکانی: بیرەجیک، سیڤریک، دیاربەکر، ماردین، ڤیران شار و ئۆرفە، کوردانی میللی (مەحموودی) سەرۆکیان لە لیستەکەی خۆیدا بە(میلانی گەورە) ناویان دەبات، لە لاپاڵ و لێژگەکانی (کراجە داخ)دا نیشتەجێن، ئەم خێڵانەی خوارەوە دراوسێی (میللی)ن و لە هەموو خێڵەکانی تر بەهێزترن:

دوو خێڵی (کراگیچلی) و (شێخان) کەوتوونەتە لای باکووری خۆرئاوای میللییەکان، لە نێوان ئەو دوو خێڵە و ئۆرفەدا دوو خێڵە کوردی (بدیلی) و (دوکرلۆ) دەژین... لە کۆتاییدا خێڵەکانی (بەرازیی) و (کیکتان)ی نزیک (سیروج)یش لە نێوان (بیرەجیک) و (ئۆرفە)دا دەژین، خێڵی میللی بەهێزترین و دەمڕاستترین و زۆرترین خێڵی ناوچەکەیە. باوەکو میللییەکان وا گەزاف دەدەن کە خێڵەکانی دیکە لە ژێر ڕکێف و بەپەنجەی ئەمان هەڵدەسووڕێن؛ بەڵام خێڵەکانی تر ئەو لاف و گەزافە بەتوندی پەرچ دەدەنەوە، خۆسەپاندن و دەسەڵاتی بەسەر ئەو خێڵانەدا بەدەگمەن سەرکەوتوو دەبێت، هەوارگەی زستانیان دەکەوێتە دامێنی (کراجە داخ)، میللییەکان جووتیار و ئاژەڵدارن و لە کانونی دووەمەوە تا نیسان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو هەوارگانە، لە مانگی نیساندا بەرەو دەشتەکانی دەوروبەری (سەرچاوە) و لێژگە باشوورییەکانی زنجیرە چیای (کراجە داخ) بەردەبنەوە و ڕەو دەکەن، ئاژەڵیان دەگەنە لەوەڕگا سەوزەکانی بەهار، سنووری پاوەند و لەوەڕگاکانیان دەکشێ تا دەگاتە چیای (عەبدولعەزیز)، لە ناوەڕاستی حوزەیرانەوە تا ئەیلوول بەکۆمەڵ کۆچ دەکەن و هێدی... هێدی ڕوودەکەنە باکوور و بەرەو دیاربەکر وەڕێ دەکەون، بەرەو هەوارگەی زستانیان بەسستی دەگەڕێنەوە و لە ئۆکتۆبەرەوە تا دیسەمبەر دەخایەنێت، دوورترین هەوارگەیان - وا دیارە - بەرەو خۆرهەڵات دەکشێ و دەگاتە گوندی (دیریک).

خێڵە کوردی میللی[١٣] لە (٢٨) تیرە و بەشی کورد و عارەب پێکهاتووە و لە ژێر

(١٣) لە ناوچەکەدا ڕایەکی تریش هەیە کە گوایا خێڵی میللی لە بناخەدا لە ناوچەی=

دەواری (یەکیەتی خێڵە کوردەکانی میللی)دا پێکا شەتەک دراون... ئەم دوازدە بەشەی خوارەوە لە هەموویان گرنگتر و بەهێزترن، خێڵەکانیش ئەمانەن: عەدوان، بقرە، بوهیمە، بورگوهان، چۆڤان، کیزهان، خالیجان، کومناک شان، کوران، سەیدان، شارکیان، تورکان، زۆربەی ئەم تیرانە بەکوردی دەدوێن و ژمارەیەکی کەمی یەزیدی و عارەبیش لە ناو ئەو بەشانەدا دەژین، ئەم لیستەیەی خوارەوە لە سەرژمێرێکی نیسانی ساڵی ١٩١٩وە تۆمار کراوە، لەم خشتەکەدا ناوی سەرۆکان و نزیکە ژمارەی (العدد التقریبي) خێزان و سوارە و تفەنگیان باس دەکا و هەگبەکەی ئێمەیش لە بارەی ئەو خێلانەوە هەر ئەوەندەی تیا هەیە، (بڕوانە خشتەکی ژمارە٢).

بەردەوام ئەم خێلانە بۆ ناوچە پێدەشتەکان سەرگەرمی ڕەوکردنن؛ بۆیەکا دیاریکردنی شوێنی خێڵێک هەتا ڕادەیەک ستەمە، بەڵام بەو پێیە کە هەوارگەی زانراوی خۆیان هەیە و زۆربەی ڕۆژانی ژیانیان تیا دەحەوێنەوە، دەتوانین ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە کە لە بارەی هەوارگەیانەوە نووسراوە بەڕاستی وەربگرین:

خێڵی (چایر شێخ) کەوتۆتە باکوور، خێڵی (ئایسۆلی) کەوتۆتە باکووری خۆرهەڵاتی (سیڤریک)، (بەنی ئەلخەتیب) و (بوهیمە)یش کەوتوونەتە نێوان ئەم شارە و شاری (ڤیران شار)، خێڵەکانی (دودکان)، (خدیرکی)، (کومناکشان) و (شێخان)یش کەوتوونەتە بەری خۆرهەڵاتی (ڤیران شار)، خێڵەکانی (شوڤان) و (سوکران)یش کەوتوونەتە باکووری خۆرهەڵاتی هەمان شار، لە بەشی خۆرهەڵاتی ئەو شارەدا خێڵی (شارجیان)یش دەژین، خێڵی (نەعیم خەربان)یش کەوتۆتە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی (ڤیران شار) خێڵی (حەدید یەڤین) کەوتۆتە بەشی باشووری هەمان شار... خێڵی (شماتە)یش کەوتۆتە باشووری خۆرئاوای ئەو شارە، مەڵبەندی خێڵی (جەماڵدان) دوورترە و بەهێڵێکی بازنەیی بەرەو خۆرئاوای شار بۆی وەردەگەڕێی.

= عارەبانەوە هاتوون لە دەرسیمدا جێگیر بوون، کە سوڵتان سەلیم خۆرهەڵاتی کوردستانی داگیر کرد... خێڵەکانی کرد بەسەرپشک کە ژیانی ڕەوەندیی بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن یا نیشتەجێ دەبن... ئەوانیش هەندێکیان لە (دەرسیم)دا نیشتەجێ بوون و بەشێکیان بەرەو باشوور کەوتنە ڕەوەندیی، بنەماڵەی مەحموود پاشای میللی کە ئێستا سەرۆکی ئەم خێڵەیە... یەکێک بووە لە ڕەوەندەکان - مارک سایکس -نووسەران-.

ئەو تێبینییانەی کە بەنێو نووسەرانەوە ناویان دێت ئەوە... لە دەقی کتێبە ئینگلیزییەکە بووە و... چۆن نووسراون ئێمە وەرمان گێڕاوەتەوە. -وەرگێڕان-





خێڵەکان (عەدوان)، (بقرە) و (دیڤان) لە هەمان مەڵبەندا دەژین، (خالیجان)یش لەو بەشەدا نیشتەجێن کە دەکەوێتە باشووری (دیریک)، هەوارگەی خێڵەکانی (بورگوهان) و (کۆران) دەکەونە نێوان (کراجە داخ) و (ڤیران شار)، خێڵەکانی (کیزهان) و (مینران) لە هەمان چیادا دەژین، خێڵەکانی (ترکان) و (مەهالیان) و (سەیدان) لە داوێنی باکووری و بەرامبەر زنجیرە چیای (کراجە داخ)دا دەژین، هەوارگەی خێڵەکانی (ئاریشا) و (دانادیە) بەتەواویی نەزانراوە، لە کاتی دەسەڵاتی سەرۆکی هەڵکەوتوو ئیبراهیم دەوڵەتی تورکیا نەخشەیەکی ڕەچاوکراوی وردی خستە کار، بەو نیازەی بەزۆری چەک سەر بەمیللییەکان شۆڕ بکا و لە ناو خێڵە کوردەکاندا کز و زەبوونیان بکات، بەڵام نەخشەی باسکراوی پێ ئەنجام نەدرا و ڕووی کردە بەرنامەیەکی هێدی و نەرمتر، سوڵتان عەبدولحەمید بەو نیازەی خۆی لەم خێڵە نزیک بکاتەوە و ببێتە دۆستی ئەم خێڵە گەورەی کورد... چەند سەقاوتییەکی (دیاریی) بەنرخ و دانسقەی بۆ ئیبراهیم پاشا نارد، هەوڵ و بەرنامەکەی سوڵتان عەبدولحەمید نەک بەتەنها ئیبراهیم پاشای میللی ڕاکێشا؛ بگرە ئەندامە هەڵکەوتووەکانی دیکەی (یەکیەتی میللی)یش بۆ مەیدانی دۆستایەتی ڕاکێشا و بەدرێژیی کاتی جەنگ هەست و مێشکی ئەوانی بەدۆستایەتی و پشتگرتنی عوسمانی ئاخنی و پڕ کرد.

باوەکو ئیبراهیم پاشا - وەک مارک سایکس دەڵێ - (٣) سێ دەواری زیاتر نەبوو، بەڵام دەسەڵات و نفووزی لە دوو هەزار دەوارێک نزیک دەکەوتەوە، (قزڵباش)ەکانی (مەڵاتیا) نەک بەهۆی سامانی زۆریەوە... بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرۆکی خێڵی میللییە؛ سەری ڕێز و شکۆیان بۆ دەخەفان، ئیبراهیم پاشا تاکە نامۆیەک بوو کە بەناوچەی دەرسیم تێدەپەڕی و پاسەوانی تایبەتی پێویست نەبوو.

خێڵی (شمیسکی) ئیبراهیم پاشایان بەسەرۆکی خۆیان دەزانی و بگرە بەسەرۆکێکی باوکانە (بەتریارکیی) و دامەزرێنەریان دەزانی، ئەوانەی باسمان کردن شتی تایبەتی بوون، لە ناو چینە هەژارەکانی کوردا؛ وێڕای (زازا) و موسڵمانی سەر بەچوار مەزهەبەکە (مەزهەبی سوننی - وەرگێڕ) هەندێک کۆمەڵی شیعە و گومڕایش دەژیان کە باوەڕیان بە(یەکیەتی سروشت) بوو، ئیبراهیم پاشایش خۆی ئیسلام بوو، سام و دەسەڵاتی ئەم پیاوە ئێجگار بەبڕشت و کارا بوو، کوردان لە شوێنانی دوورەوە دەهاتنە لای و ڕاوێژیان پێ دەکرد ناکۆکیی خێزانی و خوێنی بۆ خۆش دەکردن، بەگشتی ئەوەی ئەو بڕیاری لەسەر بدابایە... هەر ئەوە دەکرا بەدەستوور و هەموو لایەک پێی قایل بوون.

لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتە فراوانەی ئیبراهیم پاشا لە ناو هۆزە کوردەکاندا؛

هەندێک خێڵ سەریان بۆ نەدەخەفان و ئاوڕیان لێ نەدەدایەوە، سەرۆک خێڵی میللی لەم کاتەدا مەحموود پاشای کوڕی دووەمی ئیبراهیم پاشایە، عەبدولحەمیدی کوڕە گەورەی ئیبراهیم پاشا حەوت ساڵ لەمەو پێش لە بەندیخانەی دیاربەکردا گیانی سپارد، خەلیل بەگ و عەبدولرەحمان و ئیسماعیل برای مەحموود پاشان و لە هەمان ناوچەدا پێکەوە دەژین، ئەو سێ برایە دەسەڵاتی ئەوتۆیان بەسەر هیچ هۆزێکدا نییە.

خێڵی (میللی) لە جەنگی (بولْقان)دا بەهانای سوپای عوسمانییەوە چوون و هێزێکی گەورەیان بەفەرماندەی خەلیل بەگی کوڕی ئیبراهیم بۆ ناردن، ئەو هێزە هەزار پیاوێک دەبوون و تفەنگی ڕیزیی (ئۆتۆماتیک) بولْگارییەکان دروێنەی گیانی کردن و ڕووخانێکی ئێجگار سامناکی تووش کردن و بوون بەتۆوی ناو دڕک.

کە ئیبراهیم پاشای سەرۆکی هەڵکەوتووی میللی بەر لە جەنگی ئەوروپادا مرد؛ دەسەڵاتی سیاسی ئەم خێڵە کەوتە سەروکلاوی کوڕەکانی... ئەمانیش تێکڕا مەحموود پاشایان کرد بەسەرۆکی ئەم خێڵە، ئێستا کوڕانی ئیبراهیم پاشا لە شاری (ڤیران شار)دا دەژین، کاربەدەستانی ئیتیحاد و تەرەقیی... بەنیازی بەشداریکردنیان لە جەنگدا خونکیان (مەرایی) بۆ دەکردن و بەرتیلی زۆریان بۆ ئەو کوڕانە دەنارد، دوو هەزار پتر سوارە لە سوپای (قەوقازی تورکیا ) و هەزار سوارەیەکی تریان خستە ژێر فەرماندەی ئەو کوڕانە؛ بۆ ئەوەی سەرپەرشتی گوێزانەوە و دەرکردنی ئەرمەنییەکان بکەن لە ناوچەکانی ماردین و گردی ئەرمەن و نوسەیبین و ئۆرفەدا.

ئێستا مەحموود پاشای میللی لە کوردستاندا لە هەموو کەس هەڵکەوتووتر و بەدەسەڵاتترە، لاوێکی ئێجگار لاواز و ناسکە، تەمەنی لە (٣٠) ساڵ تێناپەڕێت، خانەدانی و سام و شەرم لە ڕووی دەبارێت، خوو و ڕەوشتی ئێجگار بەرزن، نوکتەگۆ و ڕووخۆشە و بگرە قسەی نەستەق لە لێوی نابڕێت، بەڵام نەخوێندەوارە، ئەمەش بووە بەمایەی خەفەت و سوێیەکی گران، لەگەڵ ئەمەشدا پیاوێکی زۆر زیرەک و پێشکەوتنخوازە، لە (ڤیران شار)ی پایتەختیدا کۆشکی گەورەی ڕۆنابوو، چەند باخچەیەکی قەشەنگی لێ ئاڵاندبوو، لە هەمان شاردا گەرماوی گشتی، گازینۆی تازە، خانی گەورە و مزگەوتیشی تیا ڕۆنا، شاری بەباخچەی قەشەنگ ڕازاندەوە، بەنیازی بووژانەوە و گەشەکردنی کشتوکاڵ؛ چەند جۆگا و ئەستێڵی باشی هەڵکەند و خستنیە کار، ئەم ئێجگار تینووی کردنەوەی قوتابخانە بوو، ئاواتی ئەوەبوو کە قوتابخانە لە هەموو شوێنێکدا بکاتەوە و مامۆستایان لە هەموو لایەکەوە بۆ بهێنێت، زۆر گوندی نوێی لە نزیک پایتەختیا ئاوەدان کردەوە و جووتیاری زۆری بۆ هێنان، باوەکو بەتوندی





ئایینی گرتبوو؛ بەڵام نەئاسۆی سەرنجی تەسک بوو و نەوشکە ئیسلام بوو، گیانی لێبووردنی تیا دەدرەوشایەوە، ئیبراهیم پاشای باوکی هەندێکی لە (ڕۆمە کاسولیک)ەکانی هێنایە شار و لە (ڤیران شار)دا کەنیسەی بۆ ڕۆنان، بەڵام لە دواییدا تورکان وێرانیان کرد، ئەم پیاوە لە ڕاستیدا ئاشتیی دۆست بوو، ئارەزووی لەوە بوو کە بەخێرخوا و تەباکارێکی گشتیی ناوبانگی بڕوات، بەکورتی دەتوانین بڵێین مەحموود پاشا لە ژیانی تایبەتی خۆیدا نەریت و خووی باوک و فەرزەندیی (بەتریارکیی) بەلاوە پەسەند بوو، دابو دەستووری خێڵایەتی بەتوندی دەپاراست، لەم کاتەدا دوژمنێکی بەبڕشتی تورکانە، هەتا دۆستایەتی ئینگلیزیش لەگەڵ ئاوات و خواستی گەلی کوردا بگونجایە حەزی لە دۆستایەتی ئەویش دەکرد، بەڵام مێجەر نۆیل بەشێوەیەکی تر باسی ئەم کەڵە کوردە دەکات کە لەگەڵ وێنەکەی سەرەوەدا ناگونجێت، ئەوەتا ڕاپۆرتەکەی لە بارەی مەحموود پاشاوە دەڵێت: باری سەرنجم و بەپێی ئەوەی گەیشتووە بەمن ئومێدی باشەی لێ ناکرێت،(١٤) (سێر مارک سایکس) لە ساڵی ١٩٠٦دا سەری لە ئیبراهیم پاشا داوە، هەرچی لە بارەی ئەوروپاوە زانیوە... بەوردیی بۆی باس کردووە، (سایکس) باسی ئەوە دەکات کە لە ژێر دەوارە گەورەکەی ئیبراهیم پاشادا کێشە و مەسەلە فرە

(١٤) دەوڵەتی عوسمانییەکان لە هەڵسوکەوتی میللییەکان تۆزێک کەوتبووە گومان، ناهەقیشی نەبوو؛ لە ساڵی ١٩١٣دا بوونە هاوپەیمانی خێڵەکانی (کراگیچلی) و (کیتکان) و (بەرازیی)؛ بەو نیازەی ئەگەر ئەستەموڵ کەوتە دەست بولگارییەکان ئەمانیش پێکڕا سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیەنن، بەڵام ئەو پیلانەیان بەئاوەژوو هاتە دیی و بولگارییەکان تێکشکان و پایتەختیان بۆ نەگیرا و لەم بوارەدا ڕاپۆرتێکی درۆ گێلە و گاڵتەیەکی بە(عەبدولقادر دیدای) سەرەک خێڵی (کراگیچلی) و هۆزەکەی کرد: ئەوە بوو هێرشیان بردە سەر بیرەجیک و دەستێکی باشیان پیا هێنا و تاڵانیان کرد و لە فورات پەڕینەوە، بەڵام هاوپەیمانەکانی (دیدای) پشتیان تێ کردن و هاوکارییان لەگەڵ نەدەکردن؛ بۆیەکا ناچار کران بە پاشەکشە و گەڕانەوە، عەبدولقادر دیدای کێش کرا بۆ حەلەب و ناچار کرا کە ڕووداوەکان بۆ کاربەدەستان بگێڕێتەوە، ئەویش دەی گێڕایەوە کە هێزەکانی ژێر فەرماندەی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرابوون کە لە دەوڵەتی تورکیا پشتیوانی بکەن و ئەویش متمانەی پێ دەکردن و لەگەڵ هێزەکانی خۆی دەیناردن بۆ بەرەکانی جەنگ و هێزەکانی نێو بولگاریای پێ بەهێز دەکردن، بەڵام لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هێزەکانی (دیدای) بوودەڵە و ترسنۆک بوون و کارێکی ئەوتۆیان نەکردبووە سەر بەرەکانی جەنگ، بۆیەکا تورکیاش بڕیاری دا کە هێزەکانی (دیدای) بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەمانیش بەتاڵان و سامانێکی زۆرەوە گەڕانەوە، لە ڕێگای گەڕانەوەشدا ناوچەی (سرایس)یان تاڵان کرد -نووسەران-

جۆرەکان چارە و ئەنجام دەدران، سایکس (٥) ڕۆژ لەو ناوچەیەدا ماوەتەوە، باری سەرنج و ڕای خۆی بەرامبەر ئیبراهیم پاشا ڕەچاو کردووە، باسی ئەو سوارانە دەکات کە نامە و نوسراوەکان دەبەن و دەیهێنن، باسی ئەو ئامۆژگارییانە دەکات کە بەردەوام ڕوو دەکەنە ژێر دەواری پاشا و لێوەی دەردەچن، باسی ئەو کێشەی فەرمانانە دەکات کە خێرا و بێ دوودڵیی پاشا چارەیان بۆ دادەنێت، خۆی لافی ئەوە لێدەدا کە بەقووڵیی بیر دەکاتەوە، بەڵام وێنەی داسەپاوی ئێستای پەشێو و ژاکاوە، جەنگ و پاشەرۆکانی بۆژەیان کردووە، پاشا کۆمەڵێک خزمەتکار و دەستوپێوەندی عارەبی لە خۆی کۆمەڵ کردبوو، مرۆڤ کە ئەو دۆخ و دیمەنەی دەبینی وای دەزانی چما لە چادر و خێڵێکی دەشتەکیا دەژیی، بەدەگمەن وشەیەکی کوردیت دەبیست، هەرچەند دەوروبەر و کۆمەڵەکە کوردەواریی بوو، ساکار و کراوە بوو، بەڵام جگە لەو پیس و چڵکنانە کەسی دیکەت نەدەکەوتە بەر چاو، قژی چەوریان کردبوو بەپەلکە و (پرچ) و بەلاملیاندا هاتبوونە خوار، حەریری زەرد و دێزی تۆزاوییان پۆشیبوو، دشداشەکانیان وا تەنگ و چڵکن بوون... چما جگە لە تاودانی کوورەی تەپاڵە و پشقلی حوشتر و دانیشتن بەدەوریا... کار و کاسبیان نییە.

سایکس دەڵێ: مەحموود بەگ خۆی درکاندوویە لای من کە شەخسییەتی خۆی هێشتا کاڵوکرچە و پێویستی بەڕوتووشی سام و دەسکاریی زۆرتر هەیە... لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ ئەو ڕاستییە گرنگ و بایەخدارە لە یاد نەکەین کە دەسەڵات و سامێکی زۆری لە باوکیەوە بۆ مابۆوە، بگرە ڕەفتار و سیفاتە بەهێز و زەقەکانی باوکی دەقاودەق لەمدا ڕەنگی دابۆوە، شێوازی ژیانی مەحموود پاشا - وەک لە سەرەوە باسمان کرد - تا دەهات شەقڵی عارەبی دەپۆشی، هەرچەند دوژمنی (شەریفیە) نەبوو بەڵام نەیدەشاردەوە کە دەترسا دەست وەردەنە ئیشوکاری و دەسەڵاتەکانی کز ببێ.

مەحموود پاشا لەو باوەڕەدا بوو کە جموجۆڵی عارەبەکانی (ئیعەنزە) زۆرتر دژی میللییەکان بووە نەک دژی عارەبی (شەممەر)، ئێستا کوردەکانی میللی و عارەبەکانی (شەممەر) و (تەی) لە یەکدی نزیک دەبنەوە، مەحموود بەگ ڕای وا بوو کە ئینگلیزەکان عارەبی (ئیعەنزە)یان لێ هان داون ئەگەر بەوان پشت ئەستوور نەبوونایە پڕکێشیی ئەوەیان نەدەکرد لە نزیک (دیرەزۆر)ەوە ڕووبارەکەیان لێ ببڕن.

تورکان بەنیازی لەخشتەبردن و ڕاکێشانی مەحموود پاشا بۆ لای خۆیان؛ هەوڵ و کۆششێکی زۆریان دا، بەڵام نەتەوەپەرستانی کورد لە دیاربەکر ئەو هەوڵ و کۆششەیان ترۆ کرد (پووچەڵ کرد) و نەیان هێشت بگەنە ئەنجام، شەریف پاشایش هەندێک پیاوی





تایبەتی خۆی ناردە لای مەحموود پاشا، کاپیتان (ولی)یش دێر (متأخر) کەوتە خۆی و لە (حەلەب)ەوە بۆ لای مەحموود پاشا بەڕێ کەوت، پاشایش پەردەی لە ڕووی خۆی هەڵماڵی و ئەو ڕاستییەی خستە ڕوو کە پەیوەندی بەشێخ عەبدولقادرەوە هەیە لە (ئەستەموول)، ئیدی بەلاتەوە سەیر نەبێت کە هەموو لایەک چ کورد و چ تورک و بگرە عارەب و ئینگلیزیش هەڵپەی ئەوەیان بوو کە لە مەحموود بەگ نزیک ببنەوە و دۆستایەتی گەرمی لەگەڵ ببەستن، لەبەر هەمان هۆیە منیش لە ئاستی بایەخ و نرخی ئەم پیاوەدا باری سەرنجم ئاڵۆزە و لە بیرەوەری مندا ئەمەی چەسپاندووە کە لە بیروڕاکانیا دوودڵە، بەڵام جۆر و شێوازی دەسەڵاتی ئینگلیزی پێ باشە و لە هەمان کاتیشدا لێیان بەگومانە، لەو بڕوایە دام کە سیخوڕانی عارەب و تورکیش بۆ هەڵپەی تایبەتی خۆیان هەمان بۆچوون و پەیڕەوی مەحموود بەگیان هەیە، (قسەکانی نۆیل وا دیارە - لێرەدا تەواو بووە - وەرگێڕ).

لە کوشتارەکانی ساڵی ١٩١٥دا مەحموود بەگ بووە سایە و پەنای ئەرمەنییەکان و گەلێکی لە مردن ڕزگار کرد، بەوەش نەریت و ڕەوشتی بنەماڵەکەی خۆی پاراست کە لە بواری دڵنەوایی ئایینی و ڕەگەزیدا ڕابوردوویەکی پڕشنگدار و پڕشکۆیان بوو، ئەو ڕەفتارەی مەحوود بەگ خاڵێکی زۆر ڕووناکە و پلە و پایەی زۆرتر بەرز دەکاتەوە، وشەی (میللی)[(١٥)] کۆمەڵێک بیروڕا دەگەیەنێت، ئەو کوردانەی چوونەتە ژێر ئالای (یەکیەتی خێڵەکانی میللی) فرە جۆرن لە شیعە، سوننی، زازا و بگرە ئەو کوردانەش کە گومڕان و ئایینێکی تایبەتییان نییە؛ خۆیان خزانۆتە[(١٦)] ژێر ئەو ئالایە.

مەحموود لە ڕواڵەت و سیمادا زۆر شتی دەچێتەوە سەر خەلیل بەگی برا گەورەی، بەڵام خەلیل بەگ ڕووخۆش و ژیرترە و لە هەڵسوکەوتدا هەڵەشە و سەرچڵە، خەلیل بەگ دەنووسێ و دەخوێنێتەوە و زۆر زیرەکە، بەشێکی ژیانی لە ئەستەموولدا بەسەر

(١٥) ئەمە لە ڕووی ئەسڵ و مێژووی وشەکانەوە دروست نییە، چونکە مەحموود پاشا بەخێڵەکەی دەوت (میلانی گەورە)، وشەی (میلان) کاربەدەستانی دەوڵەت بەکاریان هێناوە، وشەی (ملّة) هەندێک بیروباوەڕی ئایینیش دەگەیەنێت، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی (فیلۆلۆجی) لەگەڵ وشەی (میلان)دا نییە - نووسەران -

(١٦) لێرەدا ئەو ڕایانە بایەخیان نامێنێت کە دەڵێن گەلی کورد بەر لە هەموو شتێک ئایین و مەزهەب پێکا شەتەکیان دەدا، ئەوەتا شیعە و سوننی و زازا و گومڕا بێ ئایینەکانیش لە ژێر ئالای (یەکیەتی میللی)دا کۆبوونەتەوە... بۆچی؟! چونکە لە کاتێکدا بووە کە تێکڕای کورد لە مەترسیدا بووە -وەرگێڕ-

بردووه، ئێستایش شەیدای گەشتوگەڕانە بۆ مەڵبەندە دوورەکان، لە ماوەیەکدا فەرماندەی کەتیبەیەکی فریای کوردەکان بووە، لە ساڵی ١٩١٣دا لە (بولایر) و لە ١٩١٤دا لە نزیک (ئەرزەڕووم) بەشداریی شەڕی کردووە، ئیسماعیل برایەکی تری مەحموود بەگە و بەشێوە لە خەلیل بەگ دەچێت، ئەمیش دەنووسێ و دەخوێنێتەوە و نەچۆتە هەندەران، تەیمور بەگ بچووکترین برای مەحموود بەگە و بگرە بچووکی هەموو براکانە، نەخوێندەوارە و چۆتە ئەستەموولّ.

خێڵی میللی چەند ساڵێک لە خێڵی (ئیعەنزە)ی عارەبی دراوسێیدا دوژمنی یەکدیی بوون، (حاجم موجیم بەگ) سەرۆکی ئیعەنزە بوو، تورکانیش هۆی ئەو دوژمنایەتییە خوێناوییە بوون؛ هەردوو لایان لە یەکدی هەڵدەنا و خۆیان هەڵدەقورتانە ئیشوکاریان هەمیشە سیاسەتی (دوو بەرەکیی بنێرەوە و خۆت زاڵ ببە)یان[١٧] کردبوو بەپەیڕەوی چەپەڵی خۆیان.

لە پاش گەڕانەوەی سوپای تورکیا... خوم شێوا و ئاژاوە کەوتە هەموو ناوچەکان، کوردەکانی میللی ئەو هەلەیان قۆزتەوە، کەوتنە هەڵپەی چەک و فیشەک کۆکردنەوە، بەتایبەتی لەو سەربازانەی کە هەڵهاتبوون یا سەربازییان تەواو کردبوو، نیازیان وابوو بەر لەوەی ئینگلیز بگاتە ناوچەکە و یاسا بەرکەماڵ بکات؛ خۆیان چەکدار بکەن و دەستێکی باش بەدوژمنانی خۆیاندا بهێنن و قەلاچۆیان بکەن.

لە سەرەتای شوباتدا میللی و (ئیعەنزە) جەنگیان ڕاگەیاند، وزە و توانستی کوشتاری میللییەکان (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد سوار و عارەبانیش (٢٣٠٠) دوو هەزار و سێ سەد سوارێک دەبوون، بەڵام نەمیللییەکان و نە(ئیعەنزە)کان تێکڕای توانستی کوشتاریان بۆ ئەو جەنگە نەخستبووە کار.

ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ناوەڕاستی ئازاردا گەیشتوون وا دەگەیەنن کە (حاجم) هێرشی بردۆتە سەر خێڵی (جوبور) کە خێڵێکی دۆستی میللی بوو، لە کەنار ڕووباری (خابوور)ی نزیک بەچیای (عەزیز)دا دەژیان، (حاجم بەگ) لە بەشێکی بیابانی (شامیە)دا کە دەکەوێتە نێوان (حەلەب) و (دێرەزۆر) خۆی مەڵاس دابوو، لە پەناوە تەماشای ڕووداوەکانی دەکرد، کوشتاریش لە زنجیرە پێکادانی بچووک زیاتر نەبوو، لە

(١٧) بەڵام ئینگلیزەکان خۆیشیان هەمان پەیڕەویان بۆ هەموو میللەتانی ژێر دەستیان خستە کار و لە هەندێ شوێنی ئەم کتێبەدا خۆیان ئەمە دەدرکێنن؛ بەتایبەتی لە دژی شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر -وەرگێڕان-





ئەنجامیشدا سەد کەسێک لە عارەب و دوو سەد کەسێک لە (جوبور) و میللییەکان کوژران، وێڕای ئەوانەش ئاژەڵ و چادر و وڵاخێکی زۆری میللی لە ناوچوون، ڕاپۆرتە دێرگەیشتووەکان وا دەگەیەنن کە ئەو دوژمنایەتییانە بەم نزیکانە نوێ دەبنەوە، کوڕەکانی ئیبراهیم پاشا بانگەوازیان بۆ کوردانی (ماردین) و دیاربەکر و سەربازانی سوپای شەشەمی تورکیا - کە خزمەتیان تەواو کردبوو - ڕاگەیاند کە بێن بەهانایانەوە.

سام و دەسەڵاتی بەربڵاوی مەحموود بەگ لە ناو سەرۆک و خێڵە هەڵکەوتووەکانی کوردا کارا و بەبڕشت بوو؛ لە ساڵی ١٩١٩دا نەیهێشت ئەو سەرۆک خێڵانە ببنە بەشێک لە کوشتاری نێوان خێڵەکانی (دوکرلۆ) و (بدیلی)، مەحموود بەگ لەوەش دەترسا کە (تیپی فریای ئینگلیز) لە ناوچەکەوە نزیکە و دەشێ بەناوی کپکردنەوەی ئاژاوەکانەوە تۆڵەیان لێ بسێنێت و سزایان بدات.

لە ١٥ی مایسدا چەند هەواڵێک لە (ڤیران شار)ەوە گەیشتن بەئینگلیزەکان و ڕایان دەگەیاند کە مەحموود بەگ سوورە لەسەر کۆکردنەوەی هێزەکانی لە شاردا، بەو نیازەی گوایا دووربینی ئەوە دەکات کە خێڵی (ابن الهزال) کە بەشێکە لە خێڵی (ئیعەنزە)ی عارەب لەوانەیە هێرش بباتەوە سەر خێڵەکەی، خێڵی (ابن الهزال) لەسەر ڕووباری فورات و نزیک (دێرەزوور)دا دەژین، هەندێکیش دڵیان لە مەحموود بەگ کرمێ کردبوو، ڕایان وابوو کە لە ژێر پەردە و بیانووی هێرشی عارەباندا نیازێکی تری هەیە؛ چونکا هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی نائاسایی لە لای عارەبەکانەوە بەدیی نەدەکرا.

ئەگەر لە کۆی هەموو خێزانەکانی نێو لیستەکە بکۆڵینەوە؛ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کەمترین ژمارەی خێزانەکان لە لیستەکەی (مارک سایکس)دا (٨٣٧) خێزانن (بڕوانە لیستەی ژمارە - ٣) بەڵام ژمارەی خێزانی ئەو خێڵانە لە لیستەکەی ئێمەدا لە (٥٧٨٠) خێزان کەمتر نین و لە (٦١٠٠) خێزانیش تێناپەڕن، ئەمە لە پاش تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ یا تۆزێک زیاتر... وێڕای ئەمانەش (١٥) خێڵی ناو لیستەی (سایکس) لە لیستەی دووەمیشدا نووسراوە، لە لیستەی (سایکس)دا ناوی (٣١) خێڵ هاتوون کە لە لیستەی ئێمەدا نەهاتوون، لە لیستەکەی ئێمەشدا ناوی (١٣) خێڵ هاتوون کە لیستەکەی (میستەر سایکس) باسی نەکردوون.

لە ژێر بارودۆخی وا نالەبار و دژواردا ڕا لەسەر ئەمە درا کە لە پاشەڕۆژدا گەڕان و توێژینەوەی وردتر و پاکژتر ساز بکرێت و لیستە و ڕاپۆرتی بەپێزتر ئەنجام بدرێت.

٣- لە دەوروبەری (یەکیەتی خێڵەکانی میللی)دا هەندێک خێڵۆچکە یاخۆ بەشێک لە خێڵەکانی بێ ناوونیشانەکان دەژین کە تەنها ناویان هەیە، ئەم لیستەی خوارەوە

لە ڕاپۆرتی (سێر مارک سایکس) وەرگیراوە؛ وا دەگەیەنێت کە لە بەشی باشووری خۆرئاوای خێڵی (کراگیچلی)دا هەندێک لە بێ هۆزەکانی خێڵی (زازا)[(١٨)] دەژین، ژیانی ئەمانە ئاڵۆزە و پڕە لە ئاژاوە، باوەکو ئەمانە بەسروشت دڵڕەق و جاڕپێسن؛ بەڵام وا دەکەونە پێش چاو کە بۆ ژیانی مرۆڤ هیچ بایەخێک دانانێن و هیچ ئایینێکیان نییە، بەهەرحاڵ هەندێکیان چوونەتە سوپای تورکیا و ئیسلام بوون و لە ڕابوردووی خۆیان بێز دەکەنەوە و شەرمیّ دەیان گرێت، جووتیار و هەژارن و بەزازا دەدوێن، وا دیارە لە بارەی ڕێکخراوی خێڵایەتییەوە هیچیان لە بارەدا نییە و لێی نازانن، خێڵی (شێخ حسین) لە بەشی باکووری خۆرئاوای (کراگیچلی)دا دەژین، خێڵی (گیڤران)یش لە باکووری خۆرئاوای هەمان خێڵا دەژین و دووئەوەندە دوورترن، ئەم خێڵانە لە (یەکیەتی خێڵەکانی میللی)دا ئەندامن و لە باکووری خێڵی (شێخ حسین)ەوە بەماوەیەکی کەم خێڵی (باربان) و لە باکووری هەردووکیانەوە خێڵی (هاسیران) دەژین، لە ناوچەیەکی دوورترەوە بەرەو باکوور خێڵی (کیسکیکە) دەژین، ئەم خێڵەی دواییان بە(کیکی)یش ناودەبرێن و لە کەناری دیجلەدا دەژین و ژمارەیان دەگاتە (١٢٠٠) خێزان، نەریت و ڕەفتاریان دەچتەوە سەر نەریتی خێڵە نیوە ڕەوەندەکان، لە زستاندا دەچنەوە بۆ گوندەکانیان، لە هاویندا بۆ مێرگ و لەوەڕگەکانی (کراجە داخ) و دیجلە شۆڕ دەبنەوە، سەرۆکانی ئەم خێڵە لووت بەرزن و بەسووکی دەڕواننە خێڵەکانی تر و بگرە ژن لێ هێنانیان بەلاوە نەنگی و ئابڕووچوونە!! وەک دەڵێن لە ڕۆژگاری خەلافەتی عەباسییەکانەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و نیشتەجێ بوون، خێڵی گەورەی (ئیمزان)یش لەو مەڵبەندەدا دەژین کە شۆڕبوونەوە بەربڵاوەکەی دیجلە ڕەنگی دەڕێژێت (بڕوانە لیستەی ژمارە ٣).

لە بەشی خوارووی دیجلە و لە نێوان ڕووبارەکە و زنجیرە چیای (تەور ئەلعابدین)دا خێڵە کوردی (سورکیی) دەژین کە ژمارەیان لە (٩٠٠) نۆ سەد خێزان تێدەپەڕێت، نیشتەجێن و بەلەهجەی کوردانی (بابا) دەدوێن، لە باشووری (تەور ئەلعابدین)ەوە بەرەو چیای (سنجار) و لە نیوەی ڕێگادا ئەم سێ گچکە خێڵەش دەژین: خێڵی (داکشوەری) کە لە (شیرناخ)ەوە کۆچیان کردووە، هەوارگەی کەوتۆتە سەر پەڕی خۆرئاوای خێڵەکانی دیکە، خێڵی (بونیس)

(١٨) وا دیارە خێڵی زازا ئەوەندە پرش و بڵاون و بێ قەوارەن بۆیەکا پێیان دەڵێن (بێ هۆزەکانی زازا) –وەرگێڕان–





بەخێڵەکانی تر گەمارۆ دراوە، لە باشووری خۆرئاوای (بونیس)ەوە خێڵی (میرسینان)[(١٩)] دەژین.

٤- لەو کاتەی ئەم ڕاپۆرتە نووسراوە؛ لە خودی مەحموود بەگەوە ڕاپۆرتێکی ترمان پێ گەیشتووە، لە بارەی ئەو خێڵانەوە دەدوێت کە هاتوونەتە ژێر ئاڵای یەکیەتی خێڵەکانی میللی، گوایا بەلافی مەحموود بەگ ئەم خێڵانەش لە ژێر ڕکێفی ئەو دان و لە قسەی دەرناچن، ئەو ڕاپۆرتە (١٥٣) خێڵی زیاتر باس کردووە کە زۆر دوورن لە ناوچەکە و لە (قەفقاز)ی ڕووسیا و ویلایەتەکانی (ئەرزەڕووم) و (وان) و (بەتلیس) و (قارس) و (ئەنگورا) نزیک دەبنەوە، ئەو ڕاپۆرتە سەرۆک خێڵێک ناردوویە و ڕای خۆیەتی؛ بۆیەکا لێی بەگومانین و دڵمان لێی کرمێیە، دەشێ ئەوپەڕی توانای مەحموود بەگ بڕی ئەوەندە بکات کە بەناڕاستەوخۆ کار بکاتە سەریان، ئەوانیش لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی مەحموود بەگدا دەژین و بەناهەقیش خۆی بەسەرا سەپاندوون.

ڕاپۆرتی مەحموود بەگ باسی بڕێ خێڵی کردووە کە لە ڕاپۆرتی پێشوویشدا ناویان هاتووە، بەڵام خێڵەکانی تری مەحموود بەگ شوێنەواریان نییە، هەندێکیان زۆر گچکە و بێ بایەخن؛ پەلێکی گچکەن یا چەند خێزانێکن و لەگەڵ مەحموود بەگ و ئیبراهیم پاشادا پەیوەندییان باش بووە، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە و وەڵامەکەی گرانە: ئایا تێکڕای ئەو هۆزانە مل دەدەن بەمەحموود بەگ و دەچنە ژێر ڕکێفی؟

بەڕای ئێمە (بەڵێ) بۆ ئەم پرسیارە زۆر ستەمە، دەقی لیستەکەی مەحموود بەگ چۆنە وەها ڕوونووس کراوە، وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیش پارێزراوە، بڕوانە لیستەی ژمارە (٤).

**کوردەکانی دەوروبەری (تەور ئەلعابدین) و دەشتی (نەسیبین):** کوردەکانی (تەور ئەلعابدین) لەو ناوچەیەدا دەژین کە کەوتۆتە نێوان سوور(Saovr) لە خۆرئاواوە؛ (ئازیخ) لە خۆرهەڵاتەوە؛ لە باکووریشەوە دەگەنە (دیراف)، لە باشووریشەوە دەگەنە دەشتی (نەسیبەین)، کەواتە (میدیات) چەقی مەڵبەندە، بژێوی ئاوی میدیات و گوندەکانی دەوروبەری تەنها بەبارانە... بارانی ئەم ناوچەیش سەروبەر بەشی دانیشتوان و ئاژەڵیان دەکات.

(١٩) سێر مارک سایکس لە بوونی ئەم خێڵەدا گومانی هەیە و یەکێکی لێ نەدیتوون؛ تەنها لە ڕەوەند و ڕێبوارانی بیستووە –نووسەران –

کانی و سەرچاوەی ئەم گوندانەی خوارەوە هەرگیز کزر نابن و هەمیشە پاراون: کیڤەرجۆز، ئیدی دی، سەرچاوەی کاک هەباسبانی، کیربوران، لە کاتی وشکە ساڵیی و کەم بارانیدا خەڵکی شوێنەکانی تر پەنا بۆ ئەم گوندانە دێن، لە (دالین)دا سوێرەکانییەک هەیە بەدرێژیی ساڵ وشک ناکات، تێکڕا زەوی ئێرە بەپیتە؛ بەتایبەتی ئەوانەی کە گڵە سوورەن، بەڵام زەوییەکانی (میدو) و (ئازیخ) بەردەڵانێکی ڕەشباوە، هەرێمەکە بەگشتی بەرزەڵانە -بانە- (هضبة)، گردەکانی کانەبەردی گەچن، لە ڕۆنانی خانوو و بەرەدا بەزۆریی گەچ بەکاردێن، میدیات مەرکەز قەزایە و هەمان ناویشی هەیە، خانوویان وشکە کەڵەکە و زۆریشیان یەک نهۆمن، بەڵام خانووی گەورە پیاوان و سامانداران دوو نهۆم و سێ نهۆم و گەورەن، لە پێش جەنگدا (٣٠٠) سێ سەد دووکان لەم شارەدا هەبوو، بەڵام ئێستا تەنها (١٠) دووکان ماوەتەوە، لە هاویندا ئێرە گەرمە و هەرچەند مێشوولە تا ڕادەیەک پەرەی سەندووە؛ بەڵام نەخۆشی مەلاریا بەدەگمەن ڕوو دەدات، شاری (میدیات) لە نەسیبەین سازگار و خاوێنترە، کوردانی ئەم ناوچەیە شوانکارە و جووتیارن، بۆ پێویستی ژیانی ناوچەکەیان گەنم و جۆ دەکەن، لە (چالیک) و (کیڤر جوز) و (دیراڤ)دا مەرەزە و تووتن وەبەرهەم دێن، لە دەوروبەری (میدیات)دا نیسک دەکرێت، ڕووەکە پاقلەیییەکانیش لە ناوچەی ئازیخ زۆرە و ئەم ناوچەیە لە ڕووی ئیدارەوە سەر بە(میدیات)ە، هەنجیر و ترێ لەم ناوچەیەدا ئێجگار زۆرە، لە دەوروبەری (میدیات)دا شووتی و هەنار زۆرە و ڕەوگ و ئاژەڵی ئەم ناوچەیەش ئێجگار زۆرن، بەڵام حوشتر بەخێوکردن لەم ناوچەیەدا هیچ باو و باسی نییە، خەڵکی ناوچەکە کەرەی زۆر وەبەرهەم دێن و دەینێرنە بازاڕی (حەلەب)، گرنگترین بازاڕی ئاژەڵ و وڵاخی ئەم ناوچەیە لە (ماردین) و (نەسیبەین)دا هەیە، بازرگانانی (مووش) و (سعیرت) بۆ کڕینی مێوژ و هەنگوین و دۆشاوی ترێ ڕوو دەکەنە ئەم ناوچەیە، خەڵکی ناوچەکە بەسەر چەند خێڵێکدا دابەش دەبن، گرنگترینی ئەو خێڵانە و ژمارەی ماڵ و خێزانیان لەم لیستەی خوارەوەدا باس کراون (بڕوانە لیستەی ژمارە ٥)، وێڕای خەڵکانی نێو لیستەی پێشوو؛ کوردانی (ئۆمیرگان) کە لە باکووری ماردیندا دەژین ناویان هەیە، بەڵام فەلەکانی ناوچەی قەزای (میدیات) لە کاتی جەنگدا سێ چارەکیان قەلاچۆ کران، ئەمەش ئەو کوردانە ئەنجامیان دا کە پیاوی دەوڵەت بوون و معاش خۆری ئەو بوون، لە (میدیات)دا (١٤٠) ماڵ و لە کانی (گوڵاو)دا (١٠٠) سەد ماڵ و لە (کانی حێل)دا (١٥٠) سەد و پەنجا ماڵ مابوونەوە، هەندێک لەوانەی کە لەو کوشتارانەدا سەریان دەرکردبوو؛ ئێستا لە کەنیسەکانی (هاب) و (دیرسولیب)دا دەژین، ئەوانی تریش کە (٥٠٠) کەسێک دەبن





لە دەوروبەری (ئازیخ)دا نیشتەجێن و (میلکی ئاغا) و (حەنا ئیلیا ئاغا) باڵیان کێشاوە بەسەریاندا و دەیانپارێزن، (عەلی باتی)ش سایە و پەنای بۆ (٤٠٠) خێزان ئامادە کرد و لەم گوندانەدا نیشتەجێی کردن: حزابی موسکا، مارمیکلد، حزابی عەلی، حزابی کیڤرا، باهیسبی، هەباب، ئەم گوندانەش تێکڕا لە ژێر دەسەڵاتی (عەلی باتی) دان، کوردانی (هویرکی یاخۆ هێڤرکی) لە قەزای میدیات و بەرزاییەکانی (ئازناوەر)دا دەژین، (١٥٠) گوندێکیان هەیە و دەتوانن (١٥٠٠) جەنگاوەر ئامادە بکەن، ڕۆڵەکانی ئەم خێڵە کێشە و هەرای زۆریان بۆ دەوڵەتی تورکیا ساز کردووە، زۆر جار فەرمانەکانی دەخەنە پشت گوێ و بەرەنگاری دەوەستنەوە، عەلی باتی ئاغا سەرۆکی ئەم خێڵەیە و لە (موزیز)دا دەژیی، (حاجۆ) و (سەرحان) و (چەلەبی) ئامۆزاکانی (عەلی باتی)ن و لەم سێ ساڵەی دواییدا لە خەربووت دەژیان و بەپەرۆشەوە دەیان ویست کاربکەنە سەر (عەلی باتی)، عەلی باتی سەرۆکی هەموویانە و دەسەڵاتێکی بەربڵاوی بەسەر عارەب و کورد و یەزیدی و فەلەکاندا هەیە، گرنگترین بەشەکانی ئەم خێڵانە ئەمانەن:

١- (هەباسبانی) لە تەنیشت (کانی کاف) دەژین و عزەدین ئاغا سەرۆکی ئەم بەشەیە.

٢- داکشوەری: یوسف ئاغا و عەلی ئاغا سەرۆکیانن.

٣- چومیری: خەلیل ئاغا سەرۆکیانە.

٤- ئومیرات: سلێمان ئاغای (چاڵە) سەرۆکیانە.

ژمارەی ئەم خێڵانە تەنها بەقەبڵاندن دەزانرێن و بەم شێوەیە: (هەباسبانی) دانیشتووی (٣٨) گوندن و هەزارماڵێک دەبن و دەتوانن (١٥٠٠) پیاو بخەنە کۆڕی جەنگ، ژمارەی (ئومیران)یش لە ژمارەی (هەباسبانی) نزیک دەبێتەوە.

(کوچیکیە)کان بەکوردانی (کوچیکان)یش ناو دەبرێن، لەگەڵ کوردانی (نەسیبەین - بەڕووی دالین دا -) پێکەوە دەژین، ئەم کوردانە بەکشتوکاڵەوە خەریکن و مەڵبەندی تایبەتی خۆیان هەیە و سی گوندێک دەبن، دەتوانن (٤٠٠) جەنگاوەری پیادە بخەنە کۆڕی جەنگ، (مەحموود ئاغای ئەحمەد محی) سەرۆکی ئەم خێڵەیە و لە گوندی (باوپرنی)دا دەژیی، ئەم گوندە لە (نەسیبەین) و کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەڵمانیاوە نزیکە، مەحموود ئاغا ئەرمەنی زۆری لە کوشتار ڕزگار کردووە، سایە و پەنای بۆ ئامادە کردوون، ئێستا بەئاسانی هەست بەوە دەکرێت کە ڕقی لە دەسەڵاتی تورکە و

بگره گاڵتەشی پێ دێت.

(عەلی ئیحسان پاشا) هاتبووە (نەسیبەین) و ناردبووی وەدوای مەحموود ئاغا، بەڵام فەرمانی پاشای پشت گوێ خستبوو، بگرە بەپاشای ڕاگەیاندبوو کە بەتوندی پشتگیریی ئینگلیز دەکا و بەپەرۆشەوە بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕێت کە لە (نەسیبەین)دا بەرەنگاری تورکان ببێتەوە، مەحموود ئاغا و عەلی باتیی سەرۆکی (هویرکی) دۆستایەتییان گەرمە.

کوردانی (سیتیە)ش سێ گوند دەبن، مەڵبەندی ئەم کوردانە کەوتۆتە نێوان ناوچەکانی: قیشایران، دوگر، ئازناوەر، ناملی، ناوچەکەیان بەپیتترین شوێنی ئەم مەڵبەندەیە، چەند جۆگایەک مەڵبەندەکەیان دەبڕن و پاراوی دەکەن، ڕۆڵەکانی ئەم خێڵەش - وەک کوچیکییەکانی دراوسێیان - بەکشتوکاڵەوە خەریکن و لە بەهاردا سێ مانگ لە گوندیان دەردەچن و بەرەو (گردی هادی) نزیک بە(دیمی کاپو) کۆچ دەکەن، (٣٠٠) خێزانێک دەبن و تێکڕای هێزەکانیان لە (٧٠٠) پیاوی بێ چەک زۆرترن، ئەم خێڵانە لە ژێر ڕکێفی هیچ سەرۆکێکدا نین، بەڵام هەموو گوندێک سەرۆکێک لە خۆیان هەڵدەبژێرن، بەم سەرۆکانە دەڵێن (ئاغاوات)، عەباس دگور، ئیبراهیم خەلیل، عەبدی ئاغا سوار و حەسەن خەلیل لەو ئاغاواتانەن.

هۆزەکانی ئالیان، میران و کیختانیش دەبن بەچەند کۆمەڵێکی گچکەوە، لە گردۆڵکەکانی خۆرئاوای ڕووباری دیجلەدا دەژین؛ کە دەکەونە نێوان (جەزیرەی ئیبنوعومەر) و (گردی دومیلان)، ئاژەڵدار و دەوارنشینن، لە هاویندا بەرەو ژوور... بەرەو چیاکانی دەوروبەری دەریاچەی (وان) ڕەو دەکەن، بارامی عومەر ئاغا سەرۆکی (ئالیان)ە، ئەم خێڵە (٢٠٠) دوو سەد دەوارێک دەبن، بەڵام چەکداریان لە (٢٠٠) کەسێک تێناپەڕن. عەبدولکەریم پاشای کوڕی (نایف بەگی کوڕی مستەفا پاشا) سەرۆکی خێڵی (میران)ە و مستەفا پاشا لە کاتی جەنگدا مردووە، ژمارەی دەواری ئەم خێڵە لە (٤٠٠) دەوارێک نزیک دەبێتەوە، جەنگاوەرانی لە (٤٠٠) جەنگاوەر تێدەپەڕن.

یوسف ئاغاراسین سەرۆک خێڵی (کیچان)ە و ژمارەی دەواری ئەم خێڵە لە (٢٥٠) تێدەپەڕێت، جەنگاوەرانیشی دەگاتە (٢٥٠) کەس، بەشێکی تری خێڵی (ئاڵیان) لە گردەکانی نێوان (دیرمان) و (گردی دومیلان)دا دەژین، ئەم خێڵانە بەکشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، ئاژەڵیان بەرەڵای دەشتەکەی دەوروبەری (گردی ئەبوو) دەکەن، مەحموودی مارف ئاغا سەرۆکی ئەم خێڵەیە و ژمارەی گوندیان لە (٣٠) گوند نزیک





دەبێتەوە، ئاژەڵداریی پیشەی سەرەکیی ئەم خێڵانەیە و خوویان نەداوەتە کشتوکاڵ، دانەوێڵە... بەتایبەتی گەنم لێرە دانسقەیە (نادر)، وەلێ مەرەزەی زۆر دەکەن، فرە جۆر میوە -جگە لە پرتەقاڵ - لێرە زۆرن، خەڵکی ئەم ناوچانە لە چەک دزیندا بەناوبانگن و لە شکاریشدا چالاک و کارامەن، لەم لیستەی خوارەوەدا ناوی چەند خێڵۆچکەیەک هاتووە کە لە هەمان ناوچەدا دەژین، لە لیستەی ناوبراودا (بڕوانە لیستەی ژمارە ٥) تەنها باسی (٤) خێڵ هاتووە کە ئەمانەن: (ساور) یاخۆ (ساعوور)، (مهیلمی)، (هویرکی)، (ئالیان)، ئەم ناوانەش دەقاودەق (بالنص) وەک ئالیان، هویرکی هاتوون، لە کاتێکدا (گیر گیری) پەیوەندی بە(گارگریە)ی ئەم باسەوە هەیە.

**چەند تێبینییەک:**

١- لە ڕاپۆرتەکەی (سێر مارک سایکس)دا کە سەبارەت بەکوردانی ناوچەی (تەور ئەلعابدین) نووسیویە ئەم لیستەیە هەیە (بڕوانە لیستەی ژمارە ٦) لە بارەی ئەو خێڵانەوە ڕای وەهایە کە هێشتا بۆی ساخ نەبۆتەوە ئایا کوردن؟ دەشێ دانیشتوانی ناوچەکە لە کاتی خۆیدا پاشماوەی پرش و بڵاوی ئەرمەنییەکانی کۆن بن، دەشگونجێت دانیشتوانی ناوچەکە لە کاتی خۆیدا بەکورد و تورک و فارس و مەغۆلەوە تێکەڵ بەکۆمەڵگا گەورەکانی سەدەکانی ڕۆمانی بووبن، ئێستایش هەندێکیان ئیسلامی تەواون و بەشێکی تریشیان فەلە یەعقوبییەکانن، هەندێکیشیان شەیتان پەرستن، جگە لەمانەش دۆست و پشتیوانی هەر سێ ئایینەکەن، بەگشتی هەموویان خاوەن پیشە و لێهاتوون، خانوویان تۆکمەیە و لە بەرد ڕۆنراوە، لە بەرهەمی میوە و ڕەزەدێم و کەپری ترێدا بەناوبانگن و چێژ و سەلیقەیەکی باشیان هەیە، بەڵام کەللە ڕەق و خوێنڕێژ و تۆڵەسێنن، لە فێڵبازی و فریودانا دەستێکی باڵایان هەیە.

٢- لە بەهاری ساڵی ١٩١٩دا مێجەر نۆیل لەم بەشەی کوردستاندا گەشتێکی تایبەتی کردووە، هەر نۆیلیش ئەم لیستەی خوارەوەمان دەداتێ کە لە بارەی خێڵە کوردەکانی دانیشتووی (ساعوور) نووسیویە. (بڕوانە لیستەی ژمارە ٧)

دوو لقەکەی (ئۆمێران) لە ڕاستیدا یەک لقن و لە کاتی پێویست و لێقەوماندا بەسەرۆکایەتی (مەحموود جەزیری) یەک دەگرنەوە، خاوەنی (٤٠٠) تفەنگی تازەن و (١٥٠٠)ی کۆن، تفەنگێک (٣٠٠) فیشەکی هەیە، (سورکیجی) و (شێخانی)یش حاجی ئەحمەد ئاغا ناوێک سەرۆکیانە، هەندێک ڕاپۆرت لە بارەی (حاجی)وە دراوە

کە (١٢٠٠) تفەنگی تازەی هەیە و یەکی (٤٠٠) فیشەکی لەگەڵدایە، هۆزی (دیرڤیری)یش (١٥٠٠) تفەنگی نوێ و (٥٠٠)ی فرە جۆریان هەیە، خێڵی (کۆسار)یش (٥٠) تفەنگی تازە و (٢٠٠)ی کۆنیان هەیە، تاقمی (عوش ماهر)یش (٥٠) تفەنگی کۆنیان هەیە، ئەم لیستەی خوارەوە لە ڕاپۆرتی (مێجەر نۆیل)دا هاتووە کە لە بارەی گوندەکانی قەزای (میدیات)ەوە نووسیویە، (بنواڕە لیستەی ژمارە ٨).

لە ناو ئەو خێڵانەدا چەند خێڵێکی گرنگ هەن و (عەلی باتی) سەرۆکیانە و دەسەڵاتی بەسەریاندا دەڕوات وەک (ئەلیکا Alika)، (سیدا Seyida)، (دیرمامۆکا Dermamoka)، (سالحە Saliha)، (میزیزاک Mizizak).

عزەدین ناوێک سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی و یەکیەتی ئەم خێڵانەی دەکرد: کراجوز، ڕامان، هەباسبانی، عەلی باتی دەتوانێت (٢٠٠٠) دوو هەزار پیاو بخاتە ژێر چەک، هەزاریان بەتفەنگی نوێی سووک لەگەڵ فیشەکدانی ٢٠٠ - ٤٠٠ فیشەکیی، عزەدینیش دەتوانێت (١٥٠٠) پیاو چەکدار بکا و (٨٠٠)یان بەتفەنگی نوێ.

## (کورد لە بەشی سەرووی کوردستاندا)

بەشی سەرووی کوردستانی باکوور زنجیرە شاخێک گەمارۆی داوە، ئەم زنجیرە شاخە لای باکووری خۆرئاوای کوردستاندایە و لە نێوان (ئەرزەڕووم) و دەریاچەی (وان) دان، بەرزترین ئەم زنجیرە شاخە ترۆپکی چیای (بنگوڵ داخ)ە، ڕووباری فورات لە باکوورەوە دەکشێت تا دەگاتە خواری (ئەرزەڕووم) و (ئەرزەنجان) و پشت چیای (مانزور داخ) و (ئەخنام داخ) و هەتا ئەو شوێنەی ڕووبارەکە بەتیژیی بەرەو باشوور وەردەگەڕێت، بەو جۆرەی سەرەوە ڕووباری فورات سنووری خۆرئاوای مەڵبەندەکە ڕەنگ دەڕێژێ و بەرەو ناوچەکانی باشووری خۆرئاوا دەکشێت، سنووری بەشی سەرووی کوردستانی باکوور بەدامێنەکانی چیای (بیبریت داخ)دا لوول دەخوا و فورات دەبێتە بەشی یەکەمی سنووری باشووری ئەو بەشەی کوردستان، هەمان ڕووبار لە باشووری خۆرئاواوە بەهێڵێک دەکشێ و دەگاتە چیای (زیارەت داخ).

ڕووباری دیجلەش کەوتۆتە لایەکی تری ئەو بەشەی کوردستان و بەڵام ڕێگای ئەوەی نییە پێدا تێپەڕێت، لە کاتێکدا گەروو و تەنگەی تەسک و قووڵیی (بەتلیس)یش کۆسپێکی لە نێوان باکوور و باشووردا دروست کردووە، ئەم بەشەی کوردستان ئێجگار شاخاوی و سەختە و بگرە زۆر لە بەشی خواروو سەخت و تووشترە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە کوردەکانی ئەم ناوچەیە؛ لە چاو دراوسێکانی دەوروبەردا نەزانترن و





شارستانی کەمتر ڕووی تێ کردوون، ئەو زانیارییانەی لێرەدا باس کراون لە ڕاپۆرتەکانی (سێر مارک سایکس) وەرگیراون، سایکس باسی ئەوە دەکات کە لە پێناوی وەدەست خستنی ئەو زانیارییانەدا - با وەکو کەمیش بن - تووشی سزا و ئەشکەنجە بووە.

ئەم دابەشکردنەوەی خوارەوە خێڵەکان دەکات بەچەند کۆمەڵ و تاقمێکەوە، کۆمەڵەکەی یەکەم باسی (٥) خێڵە کە لە باشووری خۆرئاوای بەشی سەرووی کوردستاندا دەژین و مەڵبەندیان بەتەنیشت (بلادور)ەوەیە (بڕوانە لیستەی ژمارە ٩).

وێڕای ئەم خێڵانە (٤٠) گوندێکی تریش هەن کە دانیشتوانیان ئاوێتەن لە کورد و عارەب، لەبەر چەند هۆیەک لە ناوچەکانی (دیاربەکر) و (ماردین)ەوە بۆ ئەم ناوچەیە ئاوارە بوون (ئەحمەد کیهیان ئاغا) سەرۆکیانە و پایتەختی لە (تیپس کێوی)یە، ئەم لیستەی خوارەوە باسی (١٢) خێڵەکە بریتین لە کۆمەڵی دووەم (بڕوانە لیستەی ژمارە ١٠).

وا دیارە ئەم خێڵە کوردانە نیوە ڕەوەند و نیوە نیشتەجێن، لە ڕۆژگارێکی نادیاردا لە بەتلیسەوە هاتوون و خۆیان گەیاندۆتە ئەو زەوی و ناوچانەی کە لە نێوان دیاربەکر و چەمی بەتلیسدا بەکەڵکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دێن، لەوانەشە لەمەوبەر لە هەرێمی شانشینی ئەرمەنی کۆندا ژیابن، بۆیەکا پەیوەندییان بەخێڵەکانی ئێستای ئەم بەشەی کوردستانەوە نییە، پیاوانی ئەم خێڵانە باڵا بەرز و تۆکمە لەش و چالاکن، بەڵام لە میوانداربیدا چرووک و ناگوساخن.

کۆمەڵی سێیەم بریتین لە (٩) خێڵ (بڕوانە لیستەی ١١)، هۆزەکانی ئەم ناوچەیە لەو بڕوایەدان کە خێڵەکانی (بوسیکان) و (کوریان) یەکەم خێڵن لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون و (شێخ ناسرەدین) ناوێک لە لای خەلیفەی بەغداوە هاتووە بۆ ئەم ناوچەیە و وەری گێڕاونەتە سەر ئایینی ئیسلام، مورید و پیاوەکانی ئەو شێخە ڕەگ و بنەچەی خێڵەکانی (زکیری) و (مووسی) و (سارمی)ن، خێڵەکانی (مەلا شیگو) و (بدیری) لە دواییدا هاتوونەتە ناوچەکە و لەگەڵ خێڵەکانی تردا یەکیان گرتووە و خێڵەکانی (کۆریان) و (بوسیکان)یان بەزۆر بەرەو باکوور دەرکردووە، پەیوەندی ئەم خێڵانە و ئەرمەنییەکان زۆر بەهێزە، ئەرمەنییەکانی ئەم ناوچەیە وەک ئەرمەنییەکانی دەوروبەری دەریاچەی (وان) نەبوون؛ بەڕادەیەک لە ڕووی پۆشاکەوە وێک دەچن بەستەم لە کوردانی (کۆریان) و (بۆسکان) جیا دەکرانەوە.

(تیلو) گوندێکی گچکەیە لە نزیک (سعیرت)؛ هەتا ئێستایش (شێخ ناسرەدین)

ناوێک لەم گوندەدا دەژی و بەقسەی خۆی لە وەچەی ئەو (شێخ نەسرەدین)ەیە کە لە بەغداوە بۆ ئەم ناوچەیە نێررابوو، دیارە شێخ و تاقمەکەی لەو بڕوایەدان کە گوندی (تیلو) و زەوی و کێڵگەکانی دەوروبەری موڵکی پوختی خۆیانە و لە خودی (سوڵتان سەلیم)ەوە ئەم مافەیان پێدراوە.

(مودیکی) یاخۆ (موتیکان) دوو ناون بۆ مەڵبەندێکی شاخاوی و سەخت کە دەکەونە باکووری (بەتلیس)، تێکڕا کوردانی ئەم ناوچەیە هەمان ناویان هەیە، وا دیارە (٧) خێڵ لەم مەڵبەندەدا دەژین: کیبوران، بوهانلی، کوسان، ژۆچابا، زیدان، ئیرگیلی و بە(خیارتە)ش ناو دەبرێن، پیر مووسی، ئەم سێ خێڵەی دواییان دەچنەوە سەر (زازا).

کوردانی ئەم ناوچەیە زۆر شەرمن و پیاهەڵدانی خۆیان بەلاوە نەنگی و ئابڕووچوونە، پێیان وایە کە درکاندنی زانیاریی لە بارەی خێڵەکانیان کارێکی نوشوستی و نەنگییە، هەتا ئێستایش ئەوەی لە بارەیانەوە زانراوە تەنها لە ڕێگەی ئەو کوردانەوە کە هاتوون بۆ (مونیکان)، ئەم لیستەی خوارەوە (٨) خێڵە کوردن و پەیوەندییان پێکەوە لاوازە (بڕوانە لیستەکانی ژمارە١٢، ١٣)، لە هەموو مەڵبەندەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی (زازا) دەژین و ژیانیان پڕە لە ئاژاوە و پرشوبڵاویی، ئەمانە ژیانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی بەبێ بایەخ دەزانن و ئایینێکی زانراویان نییە، ئەم خێڵانە چەند کۆمەڵ و تاقمی فرە جۆرن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی نییە؛ یاخۆ زۆر لاوازە.

دوا کۆمەڵ کوردەکانی (دەرسیم)ن و بەدوازدە خێڵەکەی چیای دەرسیم ناودەبرێن (بڕوانە لیستەی ژمارە ١٠)، خێڵەکانی سەرەوە - وێڕای شاولا - گومڕان و خۆیشیان بە(شیعە) مەزهەب دەزانن، وا دیارە ئایینیان ئاوێتەیە لە سیحر و سروشت پەرستی و لە (وحدة الوجود)ەوە نزیکن، زۆربەیان جەردە و پیاوکوژن، دەخەڵ و ترسنۆکن، هەرکە چاوی دەوڵەت و زەبریان لێ دەرکەوت بەرەو سەنگەر و چیا سەختەکان هەڵدێن و خۆیان حەشار دەدەن، دەزانن لە چیاکاندا ستەمە بدۆزرێنەوە، لە دامێنەکانی چیای دەرسیم چەند خێڵێک دەژین، ئەم خێڵانە لە ژێر چەپۆکی سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆندا دەژین، ئاغاکانیان بەتورکی دەدوێن و ژنیان عەبا دەپۆشن، ئەمانە وەچەی سەر خێڵەکانی ئەو ناوچەیەن و لێرەدا جێگیر بوون، نەریت و خووی تورکیان وەرگرتووە، کوردەکانی دەرسیم ژمارەیان کەمە و تەنکە پیاو و لاوازن، شێوازیان وردیلەیە و زیرەکن، لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جلوبەرگدا ڕەسەن چێژن، زۆربەیان ڕەوەندن و لە کۆتایی





بەهاردا بەرەو باکوور ڕەو دەکەن و لە وەرزی پاییزدا دێنەوە هەوارگەکانی زستانییان، لەهجە و دوانیان زۆر لە (زازا)وە نزیکە، ئەم خێڵانە پەلێکن لەو (لقە خێڵانە)ی خوارەوە کە لە کوردستانی باکووردا دەژین و تەنها ناویان دەزانین: ئەکاریی (میشیندان)، باکوسان، کاڤاشی، سمیسکن... هەندێک ڕاپۆرتی گومان لێکراو وا دەگەیەنن کە ئەم خێڵانە لە دەوروبەری (وان)دا دەژین، خێڵەکانی (میرزیکی) و (تاکوری) لە نزیک (بەتلیس)دا دەژین، خێڵەکانی (هەلاجی)، (سەیدکان)، (جەمالەدین)، (میلکان) لە دەوروبەری خەربووتدا دەژین، خێڵەکانی (میمکی) و (موکری) لە نزیک (دیاربەکر)دا دەژین.

## کوردەکانی نزیک (ئەرزەڕووم) و (دەریاچەی وان)

لادێ پان و بەرینەکانی سنووری باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی دەریاچەی (وان) دەکەونە باوەشی ئەم ناوچەیە، سنووری ناوچەکەش شان بەشانی سنووری ڕووسیا و ئێران دەکشێ، لە باشووریشدا ئەو سنوورە دەکەوێتە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی دەریاچەی (وان) و بەهێڵێک لەم دەریاچەوە دەکشێت بەرەو کەنارە باکوورییەکانی دەریاچەی (ورمێ)، لە خۆرئاوایشەوە هێڵی سنووری ناوچەکە؛ لە (ئەرزەڕووم)ەوە بەلێژگەیەکی پاندا تێدەپەڕێت و (مادراک) و (مووش) جێ دێڵێ و بەدەوری ئەوپەڕی خۆرئاوای دەریاچەی (وان)دا پێچ دەکاتەوە.

نەریت و یاسای ژیانی خێڵەکانی ئەم مەڵبەندە زۆر ئاڵۆزن و بەستەم دەتوانین نەخشەیان بۆ بکێشین، ئەمانە دەبن بە(٤) کۆمەڵەوە، لە نەریت و پەیڕەوی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئاساییدا لە یەکدی جیاوازن، هەرگیز دابەشکردنی جوگرافی ئەمانەی لە ناوچەیەکدا کۆنەکردۆتەوە، ئێمە لە سەرپەڕی خۆرئاوای ئەم مەڵبەندەوە دەست پێدەکەین، خێڵی (یەزیدیان) یا شەیتان پەرستان - بەقسەی نووسەرانی ئەم کتێبە - لە ناو خێڵەکانی گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی دەریاچەی (وان) و سنووری ئێراندا ناسراو نین، هەوارگەی خێڵی (حەیدەرانلی) دەکەوێتە سەرووی یەزیدییەکان نزیک (عەلی داخ)ی نزیک لە سنووری (ماکۆ)، ژمارەی خێڵی (حەیدەرانلی) لە (٢٠) هەزار خێزانێک تێدەپەڕێت، لە سەرپەڕی ئەم ناوچەیەدا؛ واتا لە (مووش)ەوە هەتا (ورمێ) خێڵی حەیدەرانلی گەورەترین خێڵی کوردە، بەڵام توخماتێکی دواکەوتوون و شیاوی ئەوە نین ببنە سەرباز و جووتیار و شوانکارە.

خێڵی (ئەدمانلی) لە بەرەتای سنوور و باشووری چیای (ئارارات)دا دەژین، نیوە

ڕەوەندن و (١٨٠٠) خێزانێک دەبن، بەسنووری تورکیا و ڕووسیادا بەرەو خۆرئاوا دەکشێن، لە نێوان (تاشلیخە) و (ساری بەگ)دا تووشی خێڵی (باشمانلی) دەبین، وەک دەڵێن هەندێک خێزانی ئەم خێڵە لە ئێرانیشدا دەژین، لە گۆشەیەکی سەر سنووریشدا خێڵەکانی (بدیلی) و (شادیرلی) دەژین ئەم دوو خێڵە شیعەن و زۆربەیان لە (ئالاش کیرد)ا دەژین. خێڵی (زیلانلی) لە دەوروبەری (دائمار) و (چالکانی)دا دەژین، خێڵەکانی (حەمدی خان) و (مانورانلی) لە ناوچەکانی نێوان خێڵی (زیلانلی) و (حەیدەرانلی)دا دەژین، خێڵی (حەیدەرانلی) لە بەری باشووری خۆرئاوای خێڵی (باشمانلی)دا دەژین، خێڵی (ماماخانلی) لە خۆرئاوای خێڵی (مانورانلی)دا دەژین، لە دامێنی ئەم دوو خێڵەوە؛ خێڵی (سپیکانلی) دەژین کە ژمارەی خێزانی لە (٣) هەزار تێدەپەڕێت، سەرچاوە شارەزاکانی ئەم خێڵە ڕایان وایە کە خێڵی (ماماخانلی) بەشێکی سەرەکین لە خێڵی (سپیکانلی)، ڕۆڵەکانی (سپیکانلی) دڵڕەق و چەتوون و شەڕانین، زۆربەی نەریت و ڕەوشتیان دەچنەوە سەر خێڵی (حەیدەرانلی)، لە باکووری خۆرئاوای ئەم دوو خێڵەدا بەماوەیەکی کورت تووشی (بیزیزانلی) دەبین، ئەم خێڵە (٩٠٠) خێزانێکی نیشتەجێن و بەشێکن لە خێڵی (حەسنانلی).

لە خۆرئاوای ئەم خێڵانەش؛ خێڵی (زیرکانلی) دەژین کە (٦) هەزار خێزانێک دەبن و لە بنەچەدا دەچنەوە سەر ئەو ڕەوەندانەی کە (٢٥) ساڵێک لەمەو پێش لە گوندەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون. خێڵی (حەسنانلی) لە نێوان ئەم خێڵانە و دەریاچەی (وان)دا دەژین، (٣٣٠٠) خێزانێک دەبن و لە (١١٠) گوندێکا بڵاوبوونەتەوە و لەم مەڵبەندانەدا دەژین: (هینیس)، (میلاسکیرد)، (ڤارتو).

لە ناوچە سێ گۆشەکەی نێوان (میلاسکیرد) و (مووش) و کەناری خۆرئاوای (وان)دا ئەم خێڵانە دەژین: (ئایسۆلی)، (شوکورلی)، ( پێنجیان)، ئایسۆلییەکان تێکڕا ڕەوەندن و لەم مەڵبەندەدا گوندیان زۆر کەمە، خێڵی (ئازلی) لە باکووری مووشدا دەژین، خێڵی (جەبرانلی) کەوتۆتە نێوان مووش و چیای (بنگیول داخ)، جەبرانلی خێڵە کوردێکی گەورە و گرنگە، بەژمارە لەو هەشت خێڵە کەمترە؛ بەڵام بووە بەسەرۆکی یەکیەتییەکی هەشت خێڵیی کە بریتین لەمانە: موکهیل، عارەب ئاغا، نوورینی، ئەلیکی، شێخەکان یا سیخیاکان، ماماکان، شادیرلی کە شیعەن، بیلیکانلی کە ژمارەیان (٦) هەزار خێزانێک دەبن و لە (جەبرانلی) و هەموو خێڵەکانی تری یەکیەتی سەربەخۆترن و بەلەهجەی زازا دەدوێن و شیعە مەزهەبن، دەشێ ئەم خێڵە –





وەک دەیگێڕنەوە – لە عەرەبستانەوە بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردبێت، (عەرەبستان بەلادێکانی دەوروبەری شارە کوردی دیاربەکر دەوترێت – نووسەران)، خێڵی (بیلیکانلی) دەسەڵاتی بەسەر چەند خێڵێکدا هەیە کە خەڵکی دێرین و بنەچەی مەڵبەندەکەن، بەڵگەیش ئەمەیە کە خێڵی (جەبرانلی) ئێستا نیشتەجێن و لە کۆندا خێڵێکی ڕەوەند بوون، پیاوانی ئەم ناوچەیە جلوبەرگیان سەیرە: قۆپچەیان (لۆلۆ)ە و یەخەیان لە قوماشی سپییە و سوخمەیان لە قەیفەی ڕەشە، پالێمی (داوێن) پانتۆڵیان پانە و کەمەری پانتۆڵیان ئەڵقە ڕێژە، پیاوانی ساماندارى ئەم خێڵانە یەخەیان سپییە و بۆینباخی لەسەر دەبەستن، کڵاوێکی گەورەی قووچ لە لبادی سپی دەنێنە سەر، درێژیی ئەم کڵاوە یەک پێ دەبێ و مێزەرێکی حەریری لەسەر دەپێچنەوە، ڕۆڵەکانی ئەم خێڵە تووکن و خزمەتی ڕدێن زۆر دەکەن لە هەموو لایەکەوە تیفتیفەی دەدەن، ژن و پیاویان ترۆپکی سەریان هەڵدەپاچن و دەیکەن بەکاکۆڵ، لە بەشی سەرووی ناوچەی خێڵی (بلیکانلی)دا وە بەدرێژیی لای خۆرئاوای (یەکیەتی خێڵەکایەتی جەبرانلی) ئەم خێڵانە دەژین: (لولانلی) (٤٨٠) خێزانێک دەبن و ئیسلامی شیعە مەزهەبن، لە سەرووی (لولانلی)یشەوە خێڵەکانی (بازیکلی) و (ڕەشوان) دەژین، ئەم دوو خێڵە ڕەوەندن و هەریەکەیان (٧٠) خێزانێک دەبن، چوار خێڵێکی دیکە لە دەوروبەری (ئەرزەڕووم)دا دەژین، لە باکووری شارەکەدا خێڵی (شێخ بزەینی) دەژین و دەبن بەدوو بەشەوە، بەشە گەورەکەیان (٤٥٠) خێزانێک دەبن، نەریتەکانی ئەم خێڵە تۆکمە و ڕەسەنن، لای باکووری خۆرئاوای شاریشەوە خێڵە نیشتەجێیی (بیسیانلی) دەژین کە (٧٠٠) خێزانێک دەبن، ڕۆڵەکانی ئەم خێڵە بەکرمانجی دەدوێن، لای باکووری خۆرهەڵاتەوە خێڵەکانی (گیریدی) و (بوتیسکانلی) دەژین کە ئێستا نیشتەجێن.

ئەم (١١) خێڵەی خوارەوە کۆمەڵی هاوچەشن و هاوڕەگەزن، باڵا بەرز و تۆکمە و دەموچاو مۆنن، گرژ و دڵڕەقن، ئەمانە – وا دیارە – ڕەوەندکاریی لە دەماریاندا قوڵپ دەدا، لە جەنگ و کشتوکاڵدا ناکارامەن، لە یەکەم دیداردا تێدەگەیت کە نەگریس و فێڵباز و شەڕانین، هەندێک کردار و هەڵسوکەوتیان تەمومژە و لێیان ناگەین، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و پێویستە بخرێتە ڕوو ئەمەیە کە ئەم خێڵانە زۆر لە کۆنەوە گەورە و خاوەنی ئەم ناوچەیەن و بگرە لە ڕۆژگارێکەوە کە دەوڵەتی عوسمانی ئاسەواری نەبووە، ئافرەتیان ترۆپکی سەریان – ڕەهبان و فەلە سۆفییەکان ئاسا – هەڵدەپاچن، ئیسلامی سوننی مەزهەبن، یازدە خێڵەکەش ئەمانەن:

حەسنانلی، بیزیزانلی، جەبرانلی، سپیکانلی، زیریکانلی، ڕەشوان، بازیکیلی،

بوتیسکانلی، زیلانلی، حەیدەرانلی، ئادامانلی.

(یەکیەتی خێڵەکانی جەبرانلی) ئەم خێڵانەی کۆکردۆتەوە: مامانلی، بدیلی، شادیرلی، دەشێ ئەم خێڵانە لە دانیشتووە دێرین و ئەسڵەکانی ئەم مەڵبەندە بن، تەنکە پیاو و کورتە باڵان، ڕووخۆش و کراوەن، ئاشتیخواز و بێ وەزنن (زیان)، شەقڵی ژیانیان سادە و ساکارە، خێڵی (ئایسلۆلی) بەپێچەوانەی خێڵەکانی سەرەوەن، زۆر نزیکە خێڵی (شێخ بزەینی) لەو ڕەهەنە و دەرکراوانە بن کە سوڵتان سەلیم لە (ئەرزەڕووم)ەوە تەروەنەی کردبوون.

لە باکووری ئەم مەڵبەندە و قەوقازی ڕووسیادا هەندێک خێڵە کوردی پرشوبڵاو دەژین، بەتایبەتی لە لادێکانی (تەفلیس) و (قارس)دا، بەڵام هیچ لە بارەیانەوە نەزانراوە و لە ڕووی سیاسیشەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە.

**کوردانی کوردستانی باشوور**: ئەم ناوچەیە لە باکوورەوە بەدەریاچەی (وان) و دەشتی ئەرمینیا؛ لە باشوورەوە بەدەشتی عێراق و ڕووباری (سیروان) و سنووری تورکیا و ئێران گەمارۆ دراوە، لە خۆرهەڵاتەوە دەریاچەی (وان) دەکشێ و تا ڕووباری (جاچاتو)ی تێدەڕژێت و تا ڕادەیەک سنووری ئەم بەشەی کوردستان دیاریی دەکات، باوەکو کوردانی ئەم ناوچەیە ئێجگار چڕ و زۆرن... بەڵام کۆمەڵێکی گەورەی فەلە (نەستووریە)کانیش بەرچاو دەکەون.

خێڵە کوردەکانی ئەم مەڵبەندە دەبن بەسێ تاقم و چینی سەرەکیی، ئەم دابەشبوونەش لەسەر بناغەی جوگرافی نییە؛ بەڵکو لەسەر نەریت و شێوازەکانی ژیانە؛ بۆیەکا (کەتەلۆگ) و خشتەکی خوارەوە هەمیشە لە باکووری نزیک دەریاچەی (وان)ەوە دەست پێدەکات بەرەو باشوور (بڕوانە خشتەکی ژمارە ١٤)، تاقمی یەکەم دەکەونە گۆشەی باکووری خۆرئاوا لە نێوان دەریاچە و دیجلەدا؛ وە لە (چالیک)ەوە هەتا جەزیرەی ئیبنوعومەر.

زۆربەی کوردانی تاقمی یەکەم لە (کەتەلۆگ)ی سەرەوەدا نیوە ڕەوەند و نیوە جووتیار و نیوە شوانکارەن، وڵاخی بەرزەش(ڕەوگ) پەروەردە دەکەن، بەدزیی و خوێنڕشتن و پەیمانشکێنییەوە دەقیان گرتووە، زۆر جار بەوە ناسراون کە ئێجگار دڵڕەق و بێ بەزەیین، ئافرەتیان مۆن و گرژن و قاڵی کار و فەرمانن، پیاو ئاسا خۆیان دەهاونە کۆڵی هێستر و گوێدرێژ، پیاویان گەنم ڕەنگ و تۆکمە و باڵا بەرزن، زۆریان هەژارن و چەکیان کۆنە و بێ کەڵکە، لە کۆچ و ڕەودا زۆریان دەوار نشینن، دیواری حەوشەیان چەپەری قامیشە، لە ڕووی ئایینەوە - وا دیارە - مەزهەب و بڕوایەکی زانراویان نییە، بەڵام خراونەتە خانەی پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام.

خێڵ و تاقمی دووەمیش لە لیستەی خوارەوەدا باس کراون (بڕوانە لیستەی ژمارە



کورد و کوردستان

١٥) ئەو کوردانەی لەم لیستەدا باس کراون لە چیادا نیشتەجێن و لە هەمان کاتیشدا جووتیار و خاوەن پیشەن، لە دەوروبەری گوندەکانیان زەوی زۆر دەکێڵن و خۆشی دەکەن، جۆگە هەڵدەگرن و ئەستێڵی گچکەش ڕۆدەنێن لاپاڵی چیاکان گۆلبڕ دەکەن و دەیکەن بەگەنم، جۆ، مەرەزە، زەڕات، تووتنەوانی کارامە و چالاکن و باشترین جۆری تووتن وەبەرهەم دێنن، لە ژێر دەسەڵاتی چەند خێڵێکدا دەژین و زۆر جار لە ناوخۆیاندا ناکۆک دەبن، پیاوانی تفەنگ و خەنجەر بەدەست و جەنگاوەر و ڕاوچی و جەربەزەن، لە نزیک هەموو گوندێکدا قەڵایەکی سەخت لە خشتی سوور ڕۆنراوە، لە کاتی لێقەوماندا خەڵک دەیکەن بەپەناگەی خۆیان، لە گوندی تایبەتی خۆیاندا نیشتەجێن و سەربانی خانوویان دەکەن بەکەپر، ئافرەتیان عەبا و ڕووبەند ناپۆشن و پیاوان زۆر بەباشیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، لە نێو ئەم خێڵانەدا ژمارەیەکی زۆر جوولەکە بەئازادیی و دڵنیایی دەژین؛ بەڵام ڕێگای چەکدارییان پێ نادرێ و لە ناکۆکی نێو خێڵەکاندا تێوە ناگلێن؛ بۆیەکا گەڕان و چەرچێتی بەئازادی ئەنجام دەدەن، کاڵا و وردەواڵە دەگەیەننە هەموو قوژبنێکی ناوچەکە، کوردان لەگەڵ فەلە نەستوورییەکاندا هەمان مامەڵە و کرداری مرۆڤانەیان هەیە، باوەکو هەندێک لە فەلەکان لە لای دەرەبەگە گەورەکانی کورد کار دەکەن، بەڵام زۆریان موڵکی تایبەتی خۆیان هەیە و لەگەڵ کورداندا جیاوازیی بەدیی ناکرێت.

ئەم لیستەی خوارەوە سەبارەت بەو خێڵە کوردانەیە کە نیوە ڕەوەندن و لە دەشت و بەرزاییەکانی باشووردا نیشتەجێن و هەندێکیان بەبایەخن (ئەمانە خێڵ و تاقمی سێیەمن - وەرگێڕ)، (بڕوانە لیستەی ژمارە ١٦)، ئەو خێڵانەی لە لیستەی سەرەوەدا باس کراون؛ لە نەریت و شێوازدا لە یەکدی دەکەن، ئاژەڵ و سامانی ئێجگار زۆریان هەیە، لەبەر هەندێک هۆی ڕووکەش زەوی دەکێڵن و کرێکار و وەرزێر لە دەرەوەی ناوچەکە دەخەنە کار و بەرهەمی کێڵگە و مەزرایان بەخەڵکی دیکە دەفرۆشن.

سەبارەت بەکوردانی کوردستانی باشوور؛ پێویستە ئەوەش بزانین کە ئاسنگەری شارەزا و جۆڵا و چنیارێکی داهێنەر و تەونکارێکی کارامەی دەوار و چادرن، سەبارەت بەعەقڵ و هۆشیاریش لە زۆربەی برا کوردەکانی دیکەیان زیرەکتر و پێشکەوتووترن، ئێجگار کەیفیان لە خوێندەواری و ڕۆشنبیرییە، لە کەسابەت و بازرگانیدا زۆر چالاک و زرنگن، سەرۆکانی خێڵ وەجاخزادەن و لە باوک و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، قاڵی شەڕ و جەنگن و دوژمنایەتییان زۆر دیتووە، ئەو خێڵە نیوە ڕەوەندانەی کە بە(کوردانی بابا)(٢٠) ناو دەبرێن بەسوارچاک و ئازایەتی بەناوبانگن، تۆزێکیش کەیفیان لە تالان

(٢٠) لە زۆر شوێنی ئەم ڕاپۆرتەدا (کوردەکانی بابا) هاتووە، بەتایبەتی لە بەشی =

و جەردەیی هەیە، سوارچاک و تفەنگچییەکی دەست ڕاستن، کوردان لەم دواییییەدا ڕم و شمشێریان فڕێ داوە و تفەنگ و خەنجەریان کردووە بەچەک و هاوڕێی خۆیان، تێکڕای ئەم خێڵانە ئیسلامی سوننی مەزهەبن و شانازیی بەخالیدی کوڕی وەلیدەوە دەکەن و ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرن؛ لەو بڕوایەدان کە ئەو کردوونی بەئیسلام و لە گومڕایی ڕزگاری کردوون، ئەم کوردانە لە ئۆکتۆبەرەوە هەتا مانگی شوبات... لە گونددا دەژین، لە مارتەوە دەچنەوە دەوار، لە سەرەتای حوزەیرانەوە؛ لە هەموو خێڵێک بەشێک بەرەو سنووری ئێران ڕەودەکەن و ئاژەڵ و وڵاخیان دەبەنە لەوەڕخۆریی، بەتایبەتی بەرەو دەربەند و گەلیی (وازنە)، شەش خێڵەکەی تریش لە مەڵبەندی سەر سنووری نزیک (وازنە)دا دەژین، هەوارگەیان دەگاتە چیای (گوزا) (بڕوانە لیستەی ژمارە ١٧)، لە هەندێک شوێندا دەچنە ژێر کەپری مێو؛ یا لە لق و گەڵای دار کەپر دەبەستن یا دەچنە دەوار.

کە سەرما خێزا و کراسی هەژاران دڕا؛ ئەمانیش کوێستان جێ دێڵن و بەرەو گوندەکانی هەوارگەی زستانییان دەگەڕێنەوە، زۆربەی ئاغا و وەجاخزادانی عارەبی ناوچەی سەرووی عێراق لەگەڵ ئاغاکانی کوردا پێکا ئاڵاون و ژنخوازییان هەیە، ئافرەتانی ئەم خێڵانە ئێجگار شۆخ و شەنگن و تا ڕادەیەکی زۆریش ئازادن و بگرە زۆربەیان - پیاوان ئاسا - دەپەڕنە کۆڵی ئەسپ و شەڕە شمشێر دەکەن، وێڕای ئیشوکاری ئاسایی ماڵ و مەشکەژەندن؛ چیی ئیشێکی دیکە ناکەن.

هەندێک ڕاپۆرت وا دەگەیەنن کە ئەم خێڵە کوردانە و پەلە وردەکانیان - لە بارەیانەوە کەم زانراوە - لە دەوروبەری ئەم ناوچانەی خوارەوەدا جێگیر بوون: سلێمانی، بیلکان، شادیان، چاریکان، دەوری کەرکووک، بۆکان، کامێران، هەسانان، خوتبان، چوران، دیلباز، دیمیلان، شیرڤان (شیروانە لە گەرمیانی لای کەلار یاخۆ ناوچەی بادینان - وەرگێڕ)، کارزان، بۆتان، کیمینان و هەندێک شوێنی دیکە، دەشێ (لەوانەیە) هەموویشیان پێکەوە لە هەوارگە و مەڵبەندێکی گچکەدا پێکەوە ژیا بن و چەند بەشێک لە خێڵە گەورە و سەرەکییەکان بەرەو باشوور ڕەویان کردبێت؛ چەند بەشێکی تریشیان سنووریان بڕیبێ و لە ئێراندا قەڵا و گوندیان لێ ڕۆنا بێت.

**کوردە یەزیدییەکان**: یەزیدییەکان چەند خێڵێکی ئاوێتەن لە کورد و عارەب،

= لیستەکاندا، مەبەستیش - وەک پێ بزانین - لە کوردانی ناوچەی ئەردەڵان و سلێمانی سۆرانییە بەگشتی. -وەرگێڕان-





بەلەهجەی کوردی دەدوێن و لە چیای سنجاردا دەژین، شاخی سنجار زنجیرەیەکە لە بەری خۆرهەڵاتی دیجلەوە - بەرامبەر شاری مووسڵ -وە بەدرێژیی ٢٥ میل دەکشێت؛ بەڵام بەدرێژیی ٧٥ میل بۆ دەشت شۆڕ دەبێتەوە و نیوە بازنەیەک وێنە دەکێشێت، هەتا دەگاتە ئاستی زەوییە نزمەکان و ٢٥ میل لە ڕووباری خابوور نزیک دەبێتەوە؛ ئەم شاخە شۆڕ دەبێتەوە، خێڵەکانی یەزیدیی بەچەلەنگی و ئازایەتی خۆیان؛ بەسەنگەر و قەڵا سەختەکانی چیای سنجاریان؛ بەرەنگاری شاڵاوی دڕندانەی تورکان بوونەتەوە، خۆیان لە هێرشی تەمێکاریی (تأدیبی) ڕزگار کردووە، سەریان بۆ کەس شۆڕ نەکردووە و بەسەربەخۆیی ماونەتەوە، زۆر هێرشی سەربازیی تورکان کراوەتە سەریان، بەتایبەتی هێرشی عومەر پاشا لە ساڵی ١٨٩٢دا کە گوندەکانی پێشێل کردن، ئەوەی کەوتە بەر چنگی سەری قرتان، گوندنشینە داماو و بێ بەختەکانی یەزیدی دەکەونە نێوان سنجار و مووسڵ زۆر بەدڕندانە سەرکوت کران، تورکان لە مایسی ساڵی ١٩١٨دا دواهێرشیان هێنایە سەریان، ئەو شاڵاوە خوێناوییانە بوونە هۆی ئەوەی کە دوژمنایەتی نێوان تورک و یەزیدییەکان تۆکمە و ڕیشەدارتر بێت؛ بۆیەکا یەزیدییان (دیارە بەشێکی کەمیان - وەرگێڕ) بوونە دۆستی بەتینی ئینگلیزەکان و، بۆ پاراستن و ئاسایشی خۆیان ئومێدیان بەوان بوو، پەیوەندی و دۆستایەتی خێڵە عەرەبەکانیان پاراستووە، زۆر جاریش چیا سەخت و سەرکەشەکانیان کردووە بەپەناگە و فەلەکانیان لە چەوسانەوە و ستەمی تورکان تیا پاراستووە، لەش و قۆڵیان - بەقسەی سێر مارک[٢١] سایکس وەک کوردانی دەرسیمن، ئێسک نەرم و فیجەرە و لاوازن، توورە و پۆرخزن و دەموچاویان هەڵبزڕکاو و مۆنە، لووت کورتن و زۆریشیان بەران لووتن، چەناگە درێژن و دەمیان زلە

(٢١) مێجەر نۆیل لە بیر و هۆشماندا وێنەیەکی جیاواز بۆ شەخسییەتی یەزیدی کورد دەکێشێ و دەڵێ: کە بۆ خواردنەوەی قاوە لە نزیک (دیریک)ەوە لامان دایە لای کۆمەڵێک یەزیدی، زۆر بەگەرمی و دۆستانە پێشوازییان لێ کردین، بەڵام سێر مارک سایکس بەبێ بایەخ تەماشایان دەکا و لێیان دەدوێ، بڕوانە کتێبی:

The Caliph’s Last heritage. p 333 کە بەگران لێی دەگەین، بەڵام بەبۆچوونی من خێڵێکی خاوێن و دڵپاکن و دۆستایەتییان خۆشە، هەر چۆنێک بێت سایکس (*) لە نیشتمانی ئەسڵیی یەزیدیا ژیاوە و باسیان دەکا و ژیانی دوور و درێژتر لەگەڵ گەلاندا کار زۆرتر دەکاتە سەر مرۆڤ زۆرتر سوود دەبینێت -نووسەران-

(*) دەشێ ئەم پەراوێزەی سەرەوە لە بەشی یەکەمی مێجەر نۆیلدا هاتبێت کە تا ئێستایش بە دوایا دەگەڕێین -وەرگێڕان-

و له قووڵاییـیه چاویان ڕەش و گچکەیه و لێویان قەیتانی و باریکه، قژیان کردووه بە٦-٧ پرچ و پەلکه و، بەلایەکی دەموچاویاندا شۆڕ بۆتەوە، پۆشاکیان بریتییه له کڵاوێکی لبادی قاوەیی، کراسێکی جاوی سپی که چوار پارچەیه و له پێشەوە داخراوە و بێ یەخەیه، عەبایان له پێسته ئاسک یاخۆ له پێستێکی قاوەییه، پێڵاویان چەرمه و پشتێنیان قایشێکی باش دەباخ کراوە.

یەزیدییان له (٤٥) گوندێکدان زۆربەیان له ناوچەیەکی شاخاوی و هەڵدێرا دەژین که هاتوچۆ پیا ستەمه، له میوانداری و گوساخی و ئازایەتیدا بەناوبانگن، باوەکو هێشتا له گێژاوی نووتەکی نەزانیندا دەژین؛ بەڵام له هەڵسوکەوتی ژیاندا سەلار و سادە و هێمنن، هۆی نەزانینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی - وەک دەڵێن - ئایینیان شەیتان پەرستییه و هەرگیز ڕێگای ئەوە نادات که پیتێک بناسن، له ڕاستیشدا ئایینیان بریتییه له پەرستنی پڕوپووچ و خەرافیاتی ناو ئایینەکانی جوولەکه و عیسایی و ئیسلام، بەڕێز و سامەوە دەڕواننه شەیتان؛ بگرە بەخراپ ناوبردنی شەیتان لایان بڤە و قەدەخەیه[*]. هەژاران بەلای یەزیدییانەوە پلە و پایەیان ئێجگار بەرز و بڵندە؛ بگرە پیاوانی ئایینیشیان له چینی هەژار و زەحمەت کێشانن، هەژاران ساڵی دوو جار دێنه مەیدان، بەخوا و پیاوانی پیرۆزیان ڕێز و شکۆ پێشکەش دەکەن، ئەمانه و هەندێک نەریت و واجباتی دیکە پوختەی ئایینی یەزیدییانه شوێنی پیرۆزیان پەرستگەی شێخ عادییه[٢٢] و کەوتۆته باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ و (٣٠) میلێک له شارەوە دوورە، باوەکو شەیدای ئافرەتن؛ بەڵام کەسیان بەداب و نەریتی خۆیان نەبێت ناتوانن ژن بهێنن، پیاوێک بۆی هەیه ژنێک زیاتر بهێنێت؛ بەڵام دەبێ له دەرەوەی چینەکەی خۆی بێت، لادان و سەرپێچی لەو نەریتانه نەک هۆی ئابڕووچوونه؛ بەڵکو دەبێته هۆی سزادانی توند و سەخت.

ڕۆڵەکانی یەزیدیی کورد تا ڕادەیەک خۆبەخۆ دەژین و بەرهەمی ساڵانەیان بریتییه له گەنم، جۆ، پیاز، نیسک، سەوزە... ئەو بەرهەمه سروشتییانەی که دەبرێنه دەرەوە تەنها تووتن و هەنجیرە، سەرۆکی هەڵکەوتووی ئێستایان (حەمو چارو)یه و له (باعەزری)دا

(٢٢) شێخ عادی خۆی ناوی تەواوی (عدی بن مسافر الهكاري)یه و یەکێ له موریدەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە (ڕەزای خوای لەسەر بێ).

* ئێمه وەک دەقی بۆچوونی بیانییەک ئەم بۆچوونانه بڵاو دەکەینەوە و بەپێویستمان نەزانی بیانسڕینەوە، ئەگینا ڕێزی تەواومان بۆ برا ئیزیدییەکان و ئایینەکەیان هەیه- دەزگای ئاراس.





دەژیی. بەشەکانی یەزیدی سەرۆکی تایبەتی خۆیان هەیه و خۆیان هەڵیان بژاردووە، له هەمان کاتیشدا دەبێ سەرۆکی باڵای خێڵەکانی یەزیدی بەو هەڵبژاردنه قایل بێت، گرنگترین بەشی یەزیدییەکان ئەمانەن: (هاسکێن) بەسەرۆکایەتی (ئامی Amme)، (ساموکی) بەسەرۆکایەتی (ئەحمەد مەدو)، (کیرانی) بەسەرۆکایەتی (خەلیل قاسم)، (باکیرا) بەسەرۆکایەتی (داوود)، (تیراجی) بەسەرۆکایەتی (حسێن باییز)، (مانوسی) بەسەرۆکایەتی (عاشوور).

ژمارەی یەزیدییان له عێراقدا و بەتایبەتی له ناوچەی مووسڵدا (٢١) هەزار کەس زۆرترن، (٧٥٠٠) کەسێکیان له دەوروبەری (دیاربەکر)یشدا دەژین و زۆربەیان له لادێکانی (میدیات)دا و هەندێکیان له نزیک دەریاچەی (وان)دا دەژین، یەزیدییەکانی چیای (سنجار) بەچەلەنگی و ئازایەتی و مۆنی بەناوبانگن، بەڵام یەزیدییانی شوێنه دوورەکان هێور و نتمن، باوەکو بەگشتی بێ ڕەحم و کەللە ڕەقن؛ بەڵام له پاشەڕۆژدا بۆ هەموو خواست و یەکیەتییەکی کورد ئامادەن بێنه کۆڕەوە و پشتگیریی خۆیان ڕادەگەیەنن؛ چونکه خوێنی گەرمی کورد له هەموو دەمار و ڕەگیاندا پڵ و قوڵپ دەدات.

تێبینی: (سێر مارک سایکس) خێڵه یەزیدییەکانی چیای سنجار و دەوروبەری کردووە بەم لیستەی خوارەوە، (بنواڕە لیستەی ژمارە ١٥).

## خێڵه کوردەکانی دەرەوەی کوردستان ئەوانەی له نێوان (ئەرزەنجان) و (سیڤاس)[٢٣] و دەوروبەری (مەرعوش)دا دەژین:

سنووری ناوچەکه: له باکوورەوە ڕووباری (جیرماڵی)، له باشوورەوە ڕووباری فورات، له خۆرهەڵاتیشەوە (سیڤاس) و (قزل ئیرمق)، له خۆرئاوایشەوە ئەڵقەیەکی فورات له نزیک (ئەرزەنجان)دا بەرەو (کراکولاک) دەکشێت، لەو مەڵبەندەدا (١٠) خێڵی کورد دەژین، له ئەڵقەکەی ڕووباری فوراتدا و بەلای خۆرئاوای (ئەرزەنجان)دا خێڵەکانی (کوریشلی) و (باڵابرانلی) دەژین، ژمارەی خێزانەکانی خێڵی یەکەم له (٢) هەزار خێزان تێدەپەڕن و بەکرمانجی دەدوێن، ئەمانه یا شیعه مەزهەبن؛ یا بێ ئایینن و سونییشیان خۆش ناوێت، هێمن و شۆخ و قۆزن داب و خێڵه ڕەوەندەکانیان پێوە دیار نییه، بەڕادەیەک هێمن و مەنگن؛ لێیان دەکەوینه گومانەوە که گیانێکی

(٢٣) ئەو کوردانەی له نێوان ئەرزەنجان و (سیڤاس)دا دەژین تەنها ڕاپۆرتی (سێر مارک سایکس) باسیان دەکات -نووسەران-.

نامۆیان هەیە و شەڕخوازن، جووتیاری کارامە و چالاکن، باوەکو نەخوێندەواری و نەزانین باڵی بەسەریاندا کێشاوە؛ بەڵام هەست و سەرنجیان فەلسەفییانەیە، ژمارەی خێڵی (بالابرانلی) لە (٦٠) شەست خێزان تێناپەڕێت، بەناو شیعەن؛ بەڵام بەڕوونی دیارە کە چی ئاینێکیان نییە، بەزاراوەی کرمانجی دەدوێن، لەو ناوچەیەدا دەژین کە بەرامبەر فوراتە و لە (کوریشلی)یەوە نزیکە، لە باشووری ئەرزەنجاندا و بەماوەیەکی کەم؛ بەشێکی گەورەی ئەم خێڵە دەژین و ژمارەیان لە (٥٠٠) خێزان تێدەپەڕن، ئەم بەشەی (بالابرانلی) لە بریی کرمانجی بە(زازا) دەدوێن، لە کەناری باشوور و باشووری خۆرئاوای ڕووباری (جیرامالی)دا خێڵی (شادرلی) دەژین و ژمارەیان لە (٣) هەزار خێزان تێدەپەڕێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەچنەوە سەر (کوریشلی)، بەڵام ئەمان دواکەوتووترن، جووتیاری هەژارن و لە ژێرخاندا دەژین. خێڵی (بدیلی) لە بەشی خوارووی ڕۆژئاوای ناوچەکەدا دەژین، ژمارەیان (٧٠٠) خێزانی تەواون، بەکرمانجی دەدوێن و شیعە مەزهەبن، وەک دەڵێن هەندێک لەم خێڵە لە نزیک (ڕواندز)دا دەژین.

کوردەکانی ئەم مەڵبەندە ژیانیان بەگشتی ئاسوودە و هێمنە، گوندەکانیان ئێجگار قەشەنگن، زەحمەتکێش و زیرەک و بێ وەزنگن، بەڵام هەندێک جار فێڵباز و بێ بەزەیی و دڵڕەقن، وا دیارە بەئاسانیی لەخشتە دەبرێن، زۆریان قژ زەرد و چاو شینن، پیاویان بەگشتی کورتە باڵان، بەڵام هێمن و نتمن، لە هەمان مەڵبەندا هەندێک خێڵە ڕەوەندی تر دەژین و زۆر هەژارن، گەنم ڕەنگ و جوان نین، ئەم خێڵانە پشتماڵە و ڕەنجبەری خێڵەکانی پێشوون، ڕاپۆرتەکانیش وا دەگەیەنن کە هەموویان ئیسلامی شیعە مەزهەبن، بەڵام دەشێ و زۆریش نزیکە کە سەر بەئایینێکی نهێنی بن و لە ژێرەوە دابونەریتی تایبەتی ئەنجام بدەن!!

خێڵی (ئیسکی کوچکیری) لەبەری باکووری فورات و خۆرئاوای (ئەرزەنجان)دا دەژین و شتێکی کەم لە بارەیانەوە دەزانین، ئەم خێڵانەی خوارەوە چەند لقێکن لە خێڵی گەورەی (کوچکیری) کە (١٠) هەزار خێزانێک دەبن و چی پەیوەندییەکیان بەخێڵی (ئیسکی کوچکیری)یەوە نییە، لقەکانیش ئەمانەن و نزیکن لە (کارا جارات): سارولار، بارولار، کارنولار، ئاییبولار کە نزیکە لە (هاموباد).

(کوچکیری) لە ناوچەکەدا بەڕادەیەک خێڵێکی دیاریی و هەڵکەوتوون بە(میللەتی مەڵبەند) ناو دەبرێن، ژن و پیاویان شێوازێکی تایبەتییان هەیە: گەنم ڕەنگ و شەنگ و شۆخن، ئاغر و هێمنن، شێوازیان وەک هیچ ڕەگەزێکی تری کورد نییە، بەکوردییەکی ئێجگار پەتی و ڕەوان دەدوێن، بەڵام کوردانی زازا و بابا کوردی و کرمانجی دیاربەکر





بەگران لەمان دەگەن، دەشێ هەندێک بیروباوەڕی گومڕاییان ببێت، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەمە دەبێ خۆمان زۆرتر ماندوو بکەین، خانوویان لە ژێر زەویدایە،[٢٤] زۆریان جووتیار و زەحمەتکێشن، ئاشتیخواز و بێ وەزەنگن، بێ چەکن و لە بەهرەی کوشتار و شەڕ بێ بەشن و ئێجگار ملکەچ و دەستە پاچەن، وەک زانراوە ئەم خێڵە کوردانەش لە دەوروبەری (ئەرزەنجان)دا دەژین: میما، کاسکان، فرارکات، جەبران، وەک زانراوە لە ناوچەی (سیڤاس)یشدا ئەم خێڵە کوردانە دەژین: حەیدەران، زیلان، شیبکان (دەشێ شەبەکی دەوری مووسڵیش لەم خێڵە بن – وەرگێڕ)، بەڵام لە بارەیانەوە زانیاریمان کەمە و تەنها ناویان دەزانین، خێڵە کوردەکانی نێو ڕووسیای (قەوقاز)یش ئەمانەن: میهان، جەلالی[٢٥] کە نزیکە لە (فارس)، بادیلان، جەمالەدینی کە نزیکە لە (کاچیزایان)، جونکان لە نزیک (ئەردەهام)، ئێمە سەبارەت بەم خێڵانە وێڕای ناو چشتێکی تر نازانین.

لە دەوروبەری (مەرعەش)دا و بەدرێژیی ڕووباری فورات لە لایەک؛ لە لایەکی تریش زنجیرە چیای (ئەنتی تۆرۆس) و (ئەمانوسی)دا کۆمەڵە کوردی تر دەژین، لە باکووری (مەلاتیا)شدا خێڵی (سینامیللی) دەژین، ئەم خێڵە (٢٥٠٠) خێزانێک دەبن، بەکوردی دەدوێن و لەهجەیان نزیکە لە فارسییەوە و شیعە مەزهەبن، لەگەڵ غەریباندا و بگرە بۆ ئەوروپاییەکانیش ئێجگار خۆش ڕەوشت و بەوێڵ و ڕووخۆشن.

لە باشووری هەمان شاردا خێڵی گەورەی (گوروجیک) دەژین، بەڵام بەناوەکەیدا لەوە ناچێت هەر ببێت، سەبارەت بەو خێڵە جگە لەوەی باسمان کرد چی شتێک نازانین، لەوپەڕی سەرووی ناوچەی (سام سات)ەوە فورات پێچ دەکاتەوە و نیوە بازنەیەک وێنە دەکێشێت، خێڵی (ئالالیخاس)یش دەکەوێتە ئەو نیو بازنەیە و (٥٠٠) خێزانێک دەبن.

لە نێوان قەزای (بێستان) و (سام سات)دا (٣٠٠) خێزانی (قەرە حەسەنی)یەکان و (٦٠٠) خێزانی (خدر ژووری)یەکان دەژین، لە نێوان (مەرعەش) و (دوغانلی)یشدا خێڵە ڕەوەندی (دیلیانلی) دەژین کە (٢٥٠) خێزانێک دەبن، لە باکووری خۆرئاوای مەرعەشدا خێڵی (جوغریشانلی) دەژین کە (٥٠٠) خێزانێک دەبن

(٢٤) واتا زەوییان کەندڕ کردووە و سەریان بەدار گرتووە –وەرگێڕان–

(٢٥) مامۆستا موسڵح جەلالی (خوا عەفوی بکا) ڕای وایە کە ئەم خێڵە لقێکن لە خێڵی (جەلالی) –وەرگێڕان–

و دەشێ لەو خێڵانە بن کە نیشتەجێن، لقێکی خێڵی (جلیخانلی)یش ئەو دەشتەی مەرعەشیان داگیر کردووە کە بەرەو (عینتاب) دەکشێت، ڕۆڵەکانی ئەم لقەش شوانکارە و هەژارن، دەشێ لە دەوروبەری گۆمی ورمێوە بۆ ئەم ناوچەیە ڕەویان کردبێت، بەڵگەش ئەمەیە کە لقێکی دیکەی ئەم خێڵە لەو ناوچەیەدا دەژین.

لە باشووری هەمان ناوچەدا دوو گچکە خێڵی دیکە دەژین: (دیلیکانلی) و (بیلیکانلی)، یەکەمیان (٢٠٠) خێزانێک دەبن و ڕەوەندن، لە هاویندا دەچنەوە دەوار لاپاڵ و لێژگەکانی چیای (تۆرۆس) دەکەن بەهەوارگەی هاوینیان، لە زستانیشدا بۆ گوندەکانی دەشتیان دەگەڕێنەوە، ئەو گوندانەش (٣٠) کیلۆمەتر لە (کیلیس)ەوە دوورن، دەوار لە حەوشەدا هەڵدەدەن و دیواری حەوشەیان وشکەکەڵەکە، پیاوانی ئەم خێڵە باڵا بەرز و تۆکمەن، ئافرەتیان بەجوانی و شۆخیی بەناوبانگن، ژمارەی خێڵی دووەمیش لە (٢٥٠) خێزان تێناپەڕن، خوونەریتی خێڵە ڕەوەندەکانیان هەیە، وڵاخی باریان نییە و بەدەشتی مەرعەشدا هاتوچۆ دەکەن و بەکرمانجی دەدوێن، (لیک کوردی) دوا خێڵی بچووکە و لە خۆرئاوای (ئەدەنە)دا دەژین، بەکورد ناسراون، بەڵام بەزمانی تورکی دەدوێن، پەیوەندی ژنخوازییان لەگەڵ کوردانی ئێراندا زۆر بەهێزە.

بەگشتی ئەو دوازدە خێڵەی کە باسمان کردن؛ بەکوردی دەدوێن و بەبنەچە خەڵکی مەڵبەندە دوورەکانی دەریاچەی (وان) و (دیاربەکر)ن و هێدی هێدی بەرەو ئەم ناوچەیە ڕەویان کردووە؛ ئەم شوێنانەی ئێستایان کردووە بەپیشە و ژیار، لە زستاندا دەچنە دەوار و بەدیواری خشت شووورای بۆ دەکەن، لە هاوینیشدا یا دەچنە دەوارە ئاساییەکانی خۆیان یا دەچنە ژێر کەپرە مێو، بەسادەیی و گوساخی و میوانداریی بەناوبانگن، بۆیەکا لە لای خەڵکی ناوچەکەش بەڕێز و خۆشەویستن، بەڵام نەخوێندەواریی باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەریاندا، پیاوانیان باڵا بەرز و تۆکمە لەشن، ئافرەتیان ئێجگار شۆخ و شەنگن، تورکیا لە ئەنجامی چەند ئاژاوەیەکدا جڵەوی دەسەڵاتی بەسەریاندا توندتر کردەوە، ناوچەی گەڕانی بۆ قارس کردن و (کورت) ئەم شوێنانەی بۆ دیاریی کردن:

چیای (بیریکیت) و دەوروبەری، چیای کورداخ، لێژگە و لاپاڵە باشوورییەکانی زنجیرە چیای (تۆرۆس) لە نێوان مەرعەش و مەلاتیادا. مەڵبەندی فورات بەتایبەتی کورداخ ناوچەیەکی ئێجگار بەپیت و فەڕە و دانیشتوانی زۆر چڕن، زەویی بەکارامەیی و شارەزایی دەکرێت بەکشتوکاڵ، تەلان و دامێنەکانی (کورد داخ)یش دەکرێن بەباخی ڕەز و زەیتوون، باخ و باخچەی قەشەنگ ناوچەکەی نەخشاندووە، زەوی بەربڵاویش





کراون بەدانەوێڵە و وشکەدان.

**خێڵە کوردەکانی ناوچەی ئەنازۆڵ**[٢٦]: ئەم خێڵانەی کە لە لیستەی خوارەوەدا باس کراون، لە دەرەوەی سنووری مێژوویی کوردستاندا دەژین و لە ئەنجامی زۆرەملێ و بەزۆر ڕاگوێزانەوە و ئاوارەکردنی سوڵتان سەلیم لەم مەڵبەندەدا نیشتەجێ بوون (بڕوانە لیستەی ژمارە ١٨).

**کوردانی نێو سووریا**: قەبڵاندنی کوردانی نێو سووریا زۆر ستەمە و بگرە نایش بێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- کوردانی کۆمەڵگای سووریا توخم و چەشنی دیاریکراو نین و بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێکدا توێتکە ناگرن و داناسەکنێن (نیشتەجێ نابن).

٢- لەگەڵ عارەبانی دراوسێدا ژنخوازییان ئێجگار زۆرە.

دۆستەکانی ئێمە خەڵکی ناوچەکەن ئارەزوویان لە زێدەگۆیی و لە کاریاندا فیشاڵ دەکەن و ورد نین، بۆیەکا ئەو ڕاپۆرتانەی بۆمانی دەنێرن لێیان بەگومانین، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش ئەم نموونەیە دەخەینە بەرچاو: لە (٥) کەسی خەڵکی ناوچەکەمان پرسی کە ژمارەی کوردانی نێو سووریا چەندە؟ ئەوانیش ئەم چەند ژمارەیان بۆ ناردین: (٥٠) هەزار، (١٠) هەزار، (٣٠) هەزار، (٢٠) هەزار، (١٢) هەزار. ئەو کوردانەیان بەپوختی خستۆتە خانەیەکەوە کە ناوبانگیان هەیە و یادگاری نەتەوایەتی و بنەچەی ڕەسەنی خۆیان نەدۆڕاندووە، ئەمانە پیشە و کەسابەتیان لە یەکدییەوە نزیکن و ژمارەی خۆیان و خێزانیان ٥-٦ هەزار کەسێک دەبن، بەم پێودانە تێکڕای کوردانی نێو سووریا (١٠) هەزار کەسێک دەبن و بەکەمترین قەبڵاندن لە (٦) هەزار کەس کەمتر نابن، هەندێک لە شارەزایان گوایا عادلانە مەسەلەکە دەقەبڵێنن و ژمارەی کوردی نێو سووریا بە٦-٧ هەزار کەس دەدەنە قەڵەم.

لە سووریادا دیمەشق گرنگترین شارێکە کوردی تیا دەژیی، ناوچەیەکی گەورەش لە دەوروبەری شاری (حەما) و ناو شار کوردی تیا دەژی، پایە بەرزێکی کورد ئەم لیستەی خوارەوەی بۆ ناردووین کە باسی ژمارەی خێزانی کوردان دەکات لە سووریا (بڕوانە لیستەی ژمارە ١٩).

لە (لیمە) و (حوران)یشدا چەند خێزانێکی کوردی تر دەژین، دەوڵەتی عوسمانی لە

(٢٦) ئەم بەشە لە ڕاپۆرتی (سێر مارک سایکس) وەرگیراوە - نووسەران -

کاتی جەنگدا ئەو خێزانە کوردانەی ناردبووە ئەو ناوچانە گوایا بەنیازی ئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵ، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئاوارەکردنی ئەو عارەبانە بووە کە لە دژی تورکیادا کاریان کردبوو، بەڵام لە دواییدا دەوڵەتی عوسمانی لەو عارەبانە خۆش بوو، کوردانیش لە ناوچەکەدا بەبێ پشت و پەنا مانەوە، زەوی و کشتوکاڵیان لێ زەوت کرا و بوون بەکرێکار و وەرزێری ئەو ناوچانە، کۆچکردن و جێگیربوونی کوردان لە سووریا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:

١- ئاغا و موڵکدارانی کوردستان دوور خراونەتەوە بۆ سووریا و کەسوکار و دەستوپێوەندیان وەدوایان کەوتوون.

٢- ناکۆکی بیروباوەڕ و بۆچوون کەوتۆتە نێوان ئەمان و سەرۆک خێڵ و کەڵەپیاوانی تر، ئەو ناکۆکییانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دوور بکەونەوە و بۆ ناوچەیەکی دوورتر ڕەو بکەن، (لیستەی ژمارە ٢٠) بۆمانی ڕوون دەکاتەوە کە زۆر لە خێڵەکانی نێو سووریا لقێکن لە خێڵە سەرەکییەکانی کوردستان؛ ئەو خێڵانەی لە ڕاپۆرتەکانی پێشوودا باس کراون وەک میللی، شێخانی، بەرازیی... بەڵام خێڵەکانی نێو سووریا هەندێکیان ناویان شێواوە و بەئاستەم دەچنەوە سەر ناوەکانی نێو کوردستانییان، زۆریان بەناوی پەلە وردەکانی خێڵەوە ناو دەبرێن، هەندێکیان چەند بنەماڵەیەکن و هیچ پەیوەندییان لەگەڵ بنەچە و خێڵەکانی خۆیاندا نەماوە، خوێنەر لە یەکەم سەرنجدا دەزانێت کە کۆی خێزانەکانی لیستەی ژمارە ١٥ (١٠٤٤) خێزانە، بەڵام کۆی لیستەی (کوردە پایە بەرزەکە) دەگاتە (٢٥٧٥) خێزان، ئێمە هەر دوو لیستەکە دەخەینە بەردەم خوێنەران، بەو نیازەی لەوەش بگەن کە قەبلاندنی هەوەسکاریی چۆنە، جیاوازیی بۆچوون و چۆنیەتی بیرکردنەوە بێگومان لە چۆنیەتی قەبلاندنا ڕەنگ دەداتەوە.

بەدرخان سەرۆکێکی ناودار و هەڵکەوتووی کورد بوو، دوورگەی ئیبنوعومەری کردبوو بەپایتەختی خۆی، لە ساڵی ١٨٤٧دا شۆڕشێکی دژ بەتورکانی ساز کرد، لە ئەنجامی خیانەتی (عزەدین)[٢٧] ناوێکی خزمیدا دەستگیر کرا، سوڵتان عەبدولحەمید بەناچاری ئاوارەی کرد بۆ دیمەشق و لە ساڵی ١٨٨٠دا لەوێ مرد و (١٤) کوڕی لە

(٢٧) مەبەست لێرەدا... لە یەزدانشێرە کەوا دەوڵەتی عوسمانییەکان هەڵیان خەڵەتان بۆ ئەوەی دژی (بەدرخان)ییەکان... بجووڵێتەوە سەرئەنجام خۆشی دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر سەری تیا چوو... بڕوانە (شۆڕشەکانی کورد - علاءالدین سجادی).





پاش بەجێما، ئەمەش ناوی ئەو کوڕانەی بەدرخانە: حەمید بەتلی بەگ، نەجیب پاشا، بەدری پاشا، ئینان پاشا، عەلی پاشا، حسین پاشا، کامل بەگ، موستەفا عەلی پاشا، عەبدولرەزاق بەگ،[٢٨] خەلیل بەگ، مەحموود عەلی بەگ، زوبەیر بەگ، لەو ئەمیرانە تەنها (زوبەیر بەگ) لە دیمەشقدا دەژی، هەر لەو کاتەدا کە بەدرخان بۆ دیمەشق دوور خرایەوە؛ کاربەدەستانی تورکیا (عزەدین) و دوو کوڕەکەشیان (تاهیر بەگ و محەمەد عەلی) دوور خستەوە بۆ دیمەشق، تاهیر بەگ بەخۆشیی باوکییەوە کوڕەکەشی ناو نا عزەدین و تەنها کچێکی بوو،... منداڵەکانی عزەدین جگە لە (محەمەد عەلی) هەتا ئێستایش لە دیمەشقدا دەژین، بەڵام هەندێک ڕاپۆرت وا دەگەیەنن کە (محەمەد عەلی) لە ناوچەی (عەجلوون)دا دەژی، زەوی و موڵکی زۆرە، ڕاپۆرتێکی تر باسی ئەوە دەکات کە لە ئادارداا (ئاداری چ ساڵێک؟ - وەرگێڕ -) ئەو دوو بنەماڵەی (بەدرخان و عزەدین)ە[٢٩] بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتییان هەڵگیرساند، داوای ڕۆنانی کوردستانی سەربەخۆیان دەکرد بەسەرۆکایەتی یەکێک لە کوڕانی بەدرخان یا عزەدین... گوایا دەڵێن بنەماڵەی بەدرخان بۆ ئەو مەبەستە خەڵکیان بۆ کوردستان ناردووە، ئەوەی شیاوی باسە زۆربەی کوڕان و وەچەکانی بەدرخان بۆ سەربەخۆیی کوردستان چالاکانە تێدەکۆشان و شۆڕەسواری بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوون، عەبدولرەحمان پاشا بەر لە (١٥) ساڵ لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا دەینووسی و ڕا و سەرنجی تایبەتی خۆی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەکردەوە؛ ئاگری دژ بەتورکانی نێڵە دەدا، لە هەمان کاتیشدا هەندێک بانگەشەی بڵاو دەکردەوە کە لە بەرژەوەندی ئینگلیزدا بوون.

یەکێکی تر هەیە بەناوی (خالید بەگ) کە لەوانەیە لە وەچەکانی بەدرخان پاشا بێت (وەک دەڵێن کچەزایەتی)، ئەم خالید بەگە لە سوپای تورکیادا پزیشک بوو، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی تردا هاتنە لای ئینگلیزەکان، خالید بەگ لە ئۆردووگای گیراوەکانی (بەتلیس) و (معادی)دا پزیشکی سەربازیی بوو.

سورەیای ئەمین عالی بەدرخان یەکێکی ترە لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی ئەم بنەماڵەیە؛ لە ترسی ئەندامانی ئیتیحاد و تەرەقی؛ سورەیا و پێنج برای تریشی لە

(٢٨) هەندێک سەرچاوە کوڕێکی تر باس دەکات بەناوی عەبدولرەحمان، دەشێ ئەمیش هەر عەبدولرەزاق بێت، سەرچاوەکان تێکڕا یەک بۆچوونیان لەم بوارەدا نییە -نووسەران-

(٢٩) چالاکی و جێگە دەستی بنەماڵەی عزەدین لەو ڕۆژگارەدا -وەک پێ بزانین- هیچ نەزانراوە و دەرنەکەوتووە -وەرگێڕ-

ساڵی (١٩١٢)دا ڕایان کرد بۆ میسر، ئەو پێنج برایە لە ئەستەموولّدا دەژیان و نەیاری ئیتیحاد و تەرەقی بوون، وا دیارە ئەو برایانە تیژتر لە جاران لەگەڵ فەلەکاندا کەوتنە دوژمنایەتی، لیژنەکانی ئیتیحاد و تەرەقی بەردەوام ئاگری دوژمنایەتی نێوان کورد و ئەرمەنیان کردبوو بەپیشە و ڕێبازی خۆیان، کوردیان بەوە دەترسان کە گوایا لەوانەیە ئەرمەنییەکان ببنە ئەڵقەلەگوێ و ژێردەستی یەکێک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، لەو کاتەدا کوردانیش دەخرێنە ژێر ڕکێفی ئەرمەنییەکان؛ هەتا ئێستایش ئیتیحادییەکان بەم کاغەزە گەمە دەکەن.

# ناوەڕۆک

چەند تێبینییەک ......... 5
پێشەکی ......... 7

**بەشی یەکەم**

کورد و کوردستان ......... 9

**بەشی دووەم**

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ......... 37

**بەشی سێیەم**

خێڵە کوردەکان ......... 89